

# چیرۆکەڵە

حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ نها.

**ژمارە ١٥ ـ ٣١ی خاکەلێوە ٢٧١٨**

**چیرۆکنووسانی ئەم ژمارەیە:**
جێگر بەختیار
موحسین سوبحانی
بیژەن ڕەحمانی
ناسر ڤەتحی
شەرمین ساڵحی
دابان عەتار

**تیۆری:**

«مانیفێستی دارکولییسم»

**بەتامی چیرۆک:**
لاپەڕە ٣٨...

**ئامادەکاران:**
ئەمیر سیراجەدین
ناسر فەتحی

| RAWEZHISM

# چیرۆکەڵە

**حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ نها.**

- چیرۆکی کارگەیی
- تیۆری
- بەتامی چیرۆک


• ئامادەکاران:

ئەمیر سیراجەدین

ناسر فەتحی



٣١ی خاکەلێوە ٢٧١٨

ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی؛ لاپەڕەی هونەری و ئەدەبی ڕاویژیسم

## «نێرگز فرۆش»

١

لە لێواری ڕێگەکە ڕاوەستاوم لە دەوری خۆم دەڕوانم، وا هەست دەکەم دونیا بە دەورم دا دەخولێتەوە، لە گەردوونە سەرم گێژ دەخوا، بە هەردووک دەستم سەرم دەگوشم وەک بڵێی بمەوێت ئەم زەویە بفلیقێنمەوە؛ مینای پیاوێکی زەلیلم لە بەردەم دادگای ویژدان. چەند خولەکێک دەبێت گەیشتومەتە ئێرە بۆ سۆراغی ئەو مێرد منداڵە، بە دوای دا دەگەڕێم و نایدۆزمەوە، ئەو لێرە نیە، ڕەنگە هەر لێرە نەبوو بێت، ڕەنگە تارماییەکی نێردراوی خودا بێت تا پەرجوویەکم نیشان بدات، کۆیلەکانی ژێر ڕکێفی تەکنەلۆژیا بە پەرجوو نەبێت بە هۆش خۆیان نایەنەوە، ڕەنگە منیش کۆیلەیەکی ناو چنگی تەکنەلۆژیا بووبم .

لێرە وەستا بوو ڕێک ئەو شوێنەی من، دوو مەتر لە پێش تاسەکە، بە دەستی ڕاستی چەپکێک نێرگزی بۆ بەردەمی درێژ کردبوو، تەشتێک کە پڕاو پڕ بوو لە چەپکە نێرگز لە بەردەمی داندرابوو، کە گەیشتمە بەردەمی جامی ئۆتۆمبێلەکەمم هێنایە خوارەوە و چەپکێک نێرگزم لێ وەرگرت، نێرگزەکان یەک شەوەی تەمەنیان بوو، دەستم برد بۆ گیرفانم تا پارەکەی پێ بدەم، کامێرەکەمم بینی کە لە سەر گوشنەکە دامنابوو، چەپکە نێرگزەکەم خستە سەر (دەشبول)ی ئۆتۆمبێلەکەم و ئۆتۆمبێلەکەمم لادایە سەر خۆڵەکە و کامێرایەکەم هەڵگرت تا بچم هەندێک وێنەیی بگرم، دیمەنێکی جوان و سەرنج ڕاکێشی هەبوو، ئەوە بۆ من دەرفەتێکی باش بوو تاوێنەکان لە فیستڤاڵێک بەژداری پێ بکەم، قاچەکانم نوشتاندەوە، کەمێک گەڕامە دوواوە، بە کامێراکەم چەند وێنەیەکم گرت، شوێنی خۆمم دەگۆڕی، زوومەکەم دەهێنایە پێشەوە و دەمگڕاندەوە دوواوە، دوبارەم دەکردەوە تا جوانترین وێنە بگرم. چوار تا پێنج خولەک بە کامێراکەم خەریکی وێنە گرتن بووم؛ هیچ قسەیەکی نە دەکرد تەنیا سەیری دەکردم، وەک بڵێی هیچ شتێک شایەنی گوتن نەبێت لە ئەزلەوە مرۆڤ بێ زمان لەدایک بووبێت، مرۆڤی بەدبەخت ددان بەم ڕاستیە نانێت کە هیچ شتێک شایەنی گوتن نیە، ئێمە هەر دەڵێین و کەس لە ئێمە ناگات، هەر دەڵێین هیچ شتێک ناگۆڕێت، ئەهریمەن هانمان دەدا زمانمان لە دەمان دا بقرتێنین، کەچی دوبارە قسە دەکەین و کەس تێمان ناگات. ویستم سەر بکەومە ناو ئۆتۆمبێلەکەمم و بڕۆم، لە دواوە دامەنی چاکەتەکمی ڕاکێشا، گوتم: بەڵێ، چیت دەوێت؟

مینگە مینگێکی لێوە هات زانیم لاڵە، دەستم جوڵاند وەک ئەوەی بڵێم : ها چیە؟

چەند ئاماژەیەکی دەستی کرد کە من لێی تێ نەدەگەیشـــتم، زۆر جوان دەردەکەوت، کچێکی پازدە یا شانزە ساڵی بوو، پێڵوی چاوەکانی ڕەش هەڵگەڕابوو، چەند دڵۆپە عارەقەیەک لە نیوچەوانی قەتیس مابوو، پەنجەی دۆشاو مژەمم بۆ لای چەپم درێژ کرد و بە دەوری خۆیم خولانـدەوە، وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی ئەم جوڵانە دوبارەی بکاتەوە، زومی کامێرەکەمم خسـتە سـەر دەسـتەکانی و (شوت بوتن)ەکەم داگرت، دوازدە جوڵەی کرد، تا دوا جوڵە تەواو بوو پەنجەم هەڵنەگرت، کۆمەڵێـک وێنەم بە شـێوازی ( کەنتنیوز هـایـت) گرت، لە خۆشی بە دەست هێنانی وێنەکان لە بیرم چوو لێی دوبارەم بکەمەوە چی دەوێت و جێمهێشت.

٢

چل ڕۆژ بە سـەر ئەو وێنانە تێپەڕیبوو کە چرکاندبووم، ڕاکە ڕاکی ڕۆژانەم دەرفەتی نەدابووم سـەیریشـیان بکەم، پەنچەی ئەسـپێ کوژەمم بەسـەر شـاشـەی مۆبـایلەکەم دەخشـان لە خوارەوە بۆ سەرەوە لە ئینتەرنێت سەیری یەکە یەکە ڕوداوەکانی ڕۆژم دەکرد، سـەرنجم کەوتە سـەر تایتڵی هەوڵی ماڵپەڕێک، خەریکە دەرگایی وەرگرتنی وێنەکان دابخرێت، دوا وادە بۆ بەژداری کردن لە فیسـتڤاڵەکە دیـاری کرابوو، بە پەلە میمۆری سـەر کـامێرەکەم دەرکرد و خسـتمە سـەر کۆمپیتەرەکەم، دەستم کرد بە سرینەوەی هەنـدێـک لە وێنەکـان و لە کۆتـایی دا چواردە وێنەم دەسـت نیشـان کرد، لە دوا تر بە وردی سـەیری هەر یەکەیانم کرد تا بە یەکـێـک لەم وێـنـانە بەژداری لە فیســتڤاڵەکە بکەم، بە خێرایی بە سـەر دوازدە وێنەیـان تێـدەپەڕیم و دوبـارە دەگەڕامەوە، لام چەند سەیر بوو، بۆ پێشتر بـیرم لە مە نەکردبـوویەوە، ڕەنگە ئەم وێنانە ئاماژە بن بۆ شتێک یان کەسێک یـاخود ئەم کچە هەوڵی ئەوەی دابێـت شـتێـک بە من بڵێ، بەڵام چی؟ نازانم، ئـاخر خۆ من زمـانی ئـامـاژە نـازانم تـاکو تێبگەم، ئەوەی لەو کاتە دا بیرم بەسـەری پرژابێـت تەنیـا جوانی وێنەکـانم بووە، تەنیا بیرم لە خۆم کردۆتەوە، هیچ شـتێک هێنـدەی خود پەرسـتـی بۆم گرینگ نە بووە.

٣

وێنەکـانم جیـا کردەوە، تـا بۆ هـاوڕێیەکم بنێرم، کە لە یەکێـک لەم ڕێکخراوە خۆبەخشـــە مرۆیـانەیە کە لە گوندەکـان دەگەڕێن و ئەم منداڵە لاڵانە فێری زمانی ئـامـاژە دەکەن، وێنەکـانم بۆ نـارد تـاکو بزانێت ئەم وێنانە چی دەگەینن.

**وێنەی یەکەم/**

پەنجەی دۆشـاو مژەی دەسـتی چەپی بەرز کـردبـوویەوە چـوار پەنـجەکەی تـری

نوشتاندبوویەوە، پەنجەی دۆشاو مژە و ئەسپێ کوژەی دەستی راستی لە سەر پەنجەی دۆشاو مژەی دەستی چەپی دانابوو بۆشایەک لە نێوانیان دا هەبوو تەواوی پەنجەکانی تریشی نوشتاندبوویەوە.

**وێنەی دووەم/**

پێنج پەنجەکەی دەستی راستی کردبوویەوە وە ناو لەپی دەستی ڕووی لە من بوو، سەرە پەنجەی دۆشاو مژەی چەپی لە سەر پەنجەی ئەسپێ کوژەی دەستی راستی دانابووەو پەنجەکانی تری نوشتاندبوویەوە.

**وێنەی سێیەم/**

دەستی چەپی بۆ لای راستی درێژ کردبوو بە شێوەیەک هەر چوار پەنجەکە لە پاڵ یەکتر و پەنجەی دۆشاو مژەش رووی لەسەرەوە بوو، پەنجەی دۆشاو مژە و ئەسپێ کوژەی دەستی راستی لە ناو لەپی دەستی چەپی دانابوو بۆشایەکی لە نێوانیان دا هەبوو، سێ پەنجەکەی تریشی نوشتاندبوویەوە.

**وێنەی چوارەم/**

وەک وێنەی دووەم بوو.

**وێنەی پێنجەم/**

پەنجەی دۆشاو مژە و پەنجەی ئەسپێ کوژەی هەردووک دەستی وەک قولاب لێکردبوو بەڵام بە پێچەوانەی یەکتر لە سەر یەکی دانابوو.

**وێنەی شەشەم/**

وەک وێنەی دووەم و چوارەم بوو.

**وێنەی حەوتەم/**

دەستی چەپی بۆ خوارەوە شۆر کردبوویەوە، پەنجەی برای توتە و باڵە بەرزە و دۆشاو مژەی دەستی راستی لە ناو لەپی دەستی چەپی دانابوو و پەنجەی توتەی و ئەسپێ کوژەی نوشتاندبوویەوە.

**وێنەی هەشتەم/**

وەک وێنەی یەکەم بوو.

**وێنەی نۆیەم/**

پشتی دەستی چەپی لەمن کرد بوو و پەنجەی توتە و برای توتە و باڵا بەرزەی نوشتاندبویەوە، سەری پەنجەی دۆشاو مژەی دەستی راستی لە سەر پەنچەی دۆشاو مژەی دەستی چەپی دانابوو و پەنجەکانی تریشی نوشتاندبوویەوە.

**وێنەی دەیەم/**


هەردووک دەستی بۆ یەکتر هێنابویەوە شێوەی دڵێکی دروست کردبوو.

**وێنەی یانزدەم/**

پەنجەی دۆشاو مژەی دەستی چەپی بەرز کردبوویەوە و پەنجەکانی تری نوشتاندبوویەوە، پەنجەی توتە و برای توتە و باڵا بەرزە و دۆشاو مژەی دەستی راستی بەیەکەوە لە سەری پەنجەکە دۆشاو مژەی دەستی چەپی دانابوو پەنجەی ئەسپێ کوژەشی لەخوارەوە دانابوو.

**وێنەی دوازدەم/**

وەک وێنەی دوو و چوار و شەش بوو.



دوای ئەوەی هاورێیەکەم وێنەکانی بینیبوو، لێکدانەوەی هەر وێنەیەکی بە پیتێک دیاری کردبوو، پێگوتم کە ئاماژە دەستیەکان لە سەر پیتە ئینگلیزیەکان دروستکراون، هەر یەکێک لەم پیتانە ئاماژەیە بۆ پیتێک، پیتە ئینگلیزیەکانیش هەمان پیتە کوردیەکان دەگەینن؛ وێنەی یەکەم بۆ پیتی(P) ، وێنەی دووەم(A)، وێنەی سێیەم(R)، وێنەی چوارەم(A)، وێنەی پێنجەم(K)، وێنەی شەشەم(A)، وێنەی حەوتەم(M)، وێنەی هەشتەم(P)، وێنەی نۆیەم(E) ، وێنەی دەیەم(B)، وێنەی یازدەم(D)، وێنەی دوازدەم (A)بوو.

نازانم بۆ لە بیرم چووە، ئێستا لێرە دەخولێمەوە و هیچ کەسێک بەدی ناکەم، کۆتایی بە تەمەنی نێرگز هاتووە، نازانم ئەم جۆرە ژیانەی من وایکرد عارەقەی منداڵێک نەبینم یان تەکنەلۆژیا کۆدی مێشکمانی تەواو تێکداوە، لە لێواری ڕێگەکە ڕاوەستاوم لە دەوری خۆم دەڕوانم، دونیا بەدەورم دەخولێتەوە، لەم گەردوونە سەرم گێژ دەخوا و نێرگز فرۆشەکە بە گوێمدا هاوار دەکات: پارەکەم پێ بدە.

* جێگر بەختیار

## «شاری بەزەییە ڕەشەکان»

پێم گوت: عەلی شەرەفیار! دوو دەستە مرۆڤی ستەملێکراومان هەیە. یەکەم ئەوانەی خۆیان هێندە بە بێ دەسەڵات دەزانن کە دەیانەوێ بەزەیی خەڵکیان بۆ ببزێوێ. ئەمانە یان دەبن بە سواڵکەری بەرقاپی ستەمکاران یان لە کۆتاییدا بە تاسە و تەماحی بەزییەوە دەمرن. دەستەکەی دی ئەوانەن بەخیرەتن و لەهەمبەر ستەمدا دەوەستن بەڵام بۆ پاساوی خەبات همیشە بۆ چاوێکی ستەمبین دەگەڕێن. هەر بۆیە ئەمەش جۆرێک کەشکۆڵ هەڵخستنە بۆ بەزیی.

من ڕام وایە نابێ بۆ گەیشتن بە جوانی عەدالەت بکرێ بە قوربانی. بەزەیی تاکە لەمپەرە لەبەردەم عەدالەتدا.

گوتی: من لەو ڕۆمانەدا بۆ جوانی دەگەڕام. هەموو شتێکی ئەم دنیایە ڕۆژێک لە ڕۆژان کۆتایی پێدێت. ئەوەی دەمێنێتەوە هەر جوانییە...جوانی و بەس....

قسەی پێدەبڕم و دەڵێم: نا... نا... هەر شتێک کەوتۆتە خیلقەتەوە تۆوی دوو شتی دژبەری هەڵگرتووە. ئەگەر جوانی تاکە شت بێ دواجار بمێنێتەوە و نەمر بێت ئەوا بەشێکی دزێوی و ناشیرینیش لە ناوزگیدایە و بۆ دەرفەتێک دەگەڕێ برسکێتەوە.

دەزانم قسەکانم بە قەناعەتی نەگەیاندووە. نەبەدڵی خۆی قەڵەمەکەم دەداتێ و دەڵێ: ئەوەتا، گەر ڕاست دەکەی تۆ کۆتایی بەو بەشەی ئەم ڕۆمانە بێنە. بزانم چۆن سامیری بابلی دادگایی دەکەی؟ ئەوە تۆ و سامیری و ئەوەش قوربانییەکان....

بە سەرسامییەوە لێی دەڕوانیم. وایدەزانی ئێستا بە عەزابەوە دەیکوژم. بەڵام من پێموانییە کوشتن بە عەزابەوە خراپترین جۆری مردن بێت بەڵکوو لاموایە ژیان بە تاسەی مەرگەوە گەورەترین شێوازی ئەشکەنجەیە. من جوانی و بەزەیی لای قوربانییەکان بە بێ دەستکاری دەهێڵمەوە. بەڵام ئەمجارە ستەمکار دەکەم بە ئەوەی جێی بەزەیی بێت. بۆیە رووحی سامری دەکەم بە پێنج کەرت و لەگەڵ هەموویاندا تا مردن دەیژێنم. با تا مردن دەمووچاوی ناحەزی ئەو پیاوە ببینێ کە ئەو وایلێکردووە. با هەتا مردن ئەو ژنە ببینێ کە فەرمانی داوە ئەتکی بکەن. با تا مردن ناخۆشی ژیانی ئەو پیاوە ببینێ کە زەکەری بڕیوە...... من دەمەوێ عەلی شەرەفیار بزانێت ئازار ئەوە نیە جوانی بە جەستەی کەسێکەوە بسڕیتەوە بەڵکوو جوانی لە نیگای هەر کەسێکدا بمرێت ئەوە گەورەترین ئەشکەنجەیە! ئەو کەسە جێی بەزەیی نیە کە قوربانییە و زوڵملێکراو بەڵکوو ئەگەر جوانیت لە چاوی زاڵمێکدا هەتا ئەبەد سڕییەوە ئەوا

ئەو کەسە جێی بەزەییە. تۆڵە ئەوەیە نەهێڵی زاڵمان جوانی ببینن!...

من هێشـــتا لێنەبوومەتەوە کە عەلی شـــەرەفیـار قەڵەمەکەم لێ دەســـتێنێتەوە و قوربـانییەکـانی نـاو ڕۆمـانەکەی لێم هەڵـدێن و "بەختیـار عەلی"ش بۆ ئەوەی جوانی پتر وەڕەس نەبێ "شاری مۆسیقارە سپییەکان" دادەخاتەوە!

*** موحسین سوبحانی**



## «زیندانیی جیاواز و بەختەوەر»

پێیان دەڵێم: "ناشیرنی؟ لە دیمەنی ڕوخسارت ناڕازی؟ نەقوستانی؟ شەلی؟ قۆڕی؟ فەلەجی؟ هەموو ئەوانەت پێکەوە هەیە؟ هێندێکیانت هەیە؟ تەنیا یەکیانت هەیە؟ دەی مادام تۆ کەسێکی بەختەوەری. خۆشحاڵ بە کە مرۆڤێکی ئاساییی بێ عەیب و خاوەن پێداویستیی تایبەت نیت.

سرووشت ئەو بەختەی پێداوی کە بەبێ ئەوەی خۆت زەحمەت بدەی جیاواز بی.

مرۆڤە ئاساییە بێ عەیبەکان هیچ کات لە ژیانیاندا ناتوانن جیاواز بن. ئەگەریش بیانهەوێ خۆیان جیاواز بکەن، جیاوازییەکەیان ساختە و دەسکرد دەبێ. جیاوازی دەبێ سرووشتی بێ. یانی نە دەستی خۆتی تێدابێ، نە بە ئاگاداریی خۆت دەستت بەو جیاوازییە ڕابگات. بۆنموونە ئەگەر کەسێک ڕابسپێری تیزانگت بە دەمووچاودا بکات بۆ ئەوەی جیاواز بی، جیاوازییەکەت دەسکردە. فلس ناکات. یان ئەگەر زۆر بخۆیەوە و بەهۆیەوە بەڵایەکت بەسەر بێت، ئەوەش حیساب نابێ.

دەبێ یان زگماگ جیاواز بی، یان ڕووداوێک کە ڕۆحیشت ئاگاداری نییە، جیاوازت بکات. غەیری ئەوە هەرچییەکت لێ بەسەر بێت، جیاوازی نییە.

گەردوون، بەشێوەیەکی سروشتی شتێکی نەقوستانە. بوون هەمووی هەر نەقوستانە. عەسڵەن نەقوستانی تەنیا پێناسەی موتڵەقی ژیان و بوونە. نەقوستانی تاکە ئایینی سەر گۆی زەوییە، کە دەبێ ئیمانی پێ بێنین. کێشەی تۆ لەوەی کە ناتوانی لەگەڵ نەقوستانییەکەت هەڵبکەی و خەمۆکی کردووی ئەوەیە، چاو لە مرۆڤە ساغ و بێ عەیبەکان دەکەی و خۆت لەگەڵ ئەوان بەراورد دەکەی. لە کاتێک دا نازانی کە بێ عەیبیی مرۆڤە بێ عەیبەکان، گەورەترین عەیب و نەقوستانیی ئەوانە."

- دەمت گەرمە خۆت بێ عەیبی قسەی دانە دانەت بۆ دێ! ئێستا ئەگەر من بچم کەسێک بەبێ ئەوەی ڕۆحیشی ئاگادار بێ، بە ماشێنەکەم وەبەر بدەم و سەقەتی بکەم، بەختەور و جیاواز دەبێ؟

- نا، چوونکە تۆ بەو نییەتەوە ئەو کارە دەکەی. یانی دەبێ هەردووک لایەن بێ ئاگابن لە ڕووداوەکە. دەنا حیساب نابێ.

- دەی ئەگەر وابکەم لە هەر حاڵدا سەقەت دەبێ، یانی تۆ دەڵێی کەسێک کە بە هۆشیارییەوە سەقەت کراوە، سەقەتییەکەی بە بەختەوەری حیساب نابێ بۆی؟

- با بۆ ئەویش بە بەختەوەری حیساب دەبێ، بە مەرجێک تۆی تاوانبار بگیرێی و سزا بدرێی. ئەگەر نەگیرێی و کەس نەزانێ فلانکەس تۆ سەقەتت کردووە، ئەو فلانکەسە تاکە نەوعی مرۆڤی بەدبەختی سەر گۆی زەوی دەبێ!

- سەرم لەوهەموو حیساب و کتابە دەرناچێ!

- مرۆڤە نەقوستانەکان هیچ کات بەختی ئەوەیان بۆ هەڵناکەوێ لە عەیبە سرووشتییەکانیان دەرباز بن و وەک مرۆڤە بێ عەیبەکانیان لێ بێتەوە بەڵام لەهەرحاڵدا بەختەوەرن کە جیاوازن؛ مرۆڤە ساغەکانیش هیچ کات بەختی ئەوەیان بۆ هەڵناکەوێ بە نەقوستانییەکی سرووشتی بگەن و وەک مرۆڤە نەقوستانەکانیان لێ بێت، بۆیە لەهەرحاڵدا بێبەختن؛ چوونکە ئەوان وەک مرۆڤە نەقوستانەکان مێشکیان دەرگیری پرسارە وجوودییە بێ وەڵامەکان نابێت. مرۆڤە بێ عەیبەکان نازانن کە ژیان یانی ئەوەی هەردەم مێشکت دەرگیری پرسیارە وجوودییە بێ وەڵامەکان بێ!

- ؟!

- ...

- ئەمە دوایین گوفتووگۆی ئێوە بووە؛ سەعاتێک دوای ئەوە، خۆی بە ماشێنەکەیەوە لە پردێک هەڵداشتووە و خۆی کوشتووە. بۆیە تۆ وەک تاوانباری مەرگی ئەو دەناسرێ و بەگیرانی تۆ ئەو دەبێتە مردوویەکی جیاواز و بەختەوەر لە گۆڕەکەیدا و، تۆش دەبی بە زیندانییەکی جیاواز و بەختەوەر لە زینداندا؛ چوونکە ئەو ڕۆحیشی خەبەردار نەبووە کە تۆ لە سەر مەرگی ئەو لە زیندان دەکەین. دیارە بە پێی قسەکانی خۆت، کە دەڵێی، جیاوازی دەبێ سرووشتی بێ. یانی نە دەستی خۆتی تێدابێ، نە بە ئاگاداریی خۆت دەستت بەو جیاوازییە ڕاگەیشتبێ؛ باشە ئێستا کە ئێمە بە کۆنترۆڵی تێلێگڕامدا زانیومانە تۆ بوویەتە هۆی مەرگی ئەوکەسە و گرتوومانی، لەو جیهانبینییەی تۆدا ئێمە چ حیسابێکمان بۆ دەکرێ؟



* ناسر فەتحی

## «سێ سووچی هەناو»

بیرم لە تاقە دارەتوویەکی پشت ماڵان دەکردەوە. ئەو دارە توویەی کە ئێستاکە نەماوەو بیر ناکاتەوە. نەبوونی ئاوردوو لەو زستانە سەخڵەتەدا, بوو بە هۆی, بڕینەوەی ئەو دارەتووە لەمێژینەیە. تۆ بڵێی ئێستاکە لق و پۆپی لە کام کێڵگەی خەبات دا ڕیشاژۆی کردبێ! تۆ بڵێی گەرمای کۆلکەکانی بە قرچەقرچی کوورەی ئەو مزگەوتەی کە وا ببو بە مقەڕ, کام دیوەخان و کام باڵاخانە گەرم کاتەوە!

شەو بە هەموو قورسایی خۆیەوە سەری خستبووە سەرشانی پەنجەرەی دیوەکەم. هازەی سەماوەر تەنیا خاڵی هاوبەشی ئەو شەوانەم لە گەڵ شەوانی دارەتوو و مقەڕ و خەباتە! من بیر دەکەمەوە; کەوایە من بوونم سەلمێندراوە! بەڵام بۆ خۆم باش دەزانم ئەوە هیچ بوونێک نییە.

دەستێکی چێوی بە ئەسپایی دەربیجەی پەنجەرەکەم لادەدا; سووچی لێفەکەم هەڵدەداتەوە و لۆیەکی بە من دادەدا و لۆیەکیشی بەسەر خۆی دا دەکێشێ کە بێ ئیزنی من, لە پاڵم دا خزاوە. باش دەزانێ; لەو کاتەوەی کە گەورەم گۆرغەریب بووە; منیش یەختە کراوم. بۆیە زۆر بە تێڕادیوی لە تەنیشتم ڕادەکشێ. لە ترسی ئەوەی کە بۆم نەیاتە حاشا, خۆم لە دەستی ڕادەپسکێنم. لە پشتەوە ئەمبازم دەبێ و قەپاڵیک لە پشتم دەگرێ. کاوێژی ئەو سێوەسوورەی کە لە دەمی دا بوو; لەگەڵ قەپاڵەکەی دەخزێتە ژێر پێستم و تێکەڵ بە خوێنم دەبێت. من گوناحکارێکی ئەبەدیم! هەناوم خرابووە; بیر ناکەمەوە.

٭ بیژەن ڕەحمانی



## «فەلسەفەی ئێگزیستانسیالیست»

سەڵیتە ببووە دەڵڵاڵی کوێخا! پێش ئەوەی ئاوردووەکەی ماڵی ئاغا خڕ کاتەوە; خۆی گەیاندبووە خاتوون خانم و قەولی ژوانی دوای بانگی خەوتنانی بۆ ستاندبوو.

لە جێگا دا, هەر هاواری شان و پیلی دەکرد. لە کولانەکەوە کە بۆی چووە خواری, بە هاسانی تێوە چوو; بەڵام لە هاتنەسەرێ دا, زۆر بە چەتوونی دەرباز بوو. بۆ بەدشانسی تەسبێحەکەشی لە سەر شۆرکە, لەبیرچوو.

کوڕی سەڵیتە لە کورتەپەیامێک دا بۆ کچی خاتوونی نووسی: دایکت تازەبووک دەبێ; کە ڕەدوو دەکەوێ!

تەسبێحێکی بەجێماو, هۆی بوونی من و تۆیە; دڵدارەکەم!

*** بیژەن ڕەحمانی**



## «خولیاکان»

شەوێ کە هێشتا قاچەکانم بازبازێنیان ئەکرد و حەزی لێ نەبوو بۆ ساتێکیش بسرەوێ، کاتێ کە هێشتا لێوم ڕەنگی سووری خۆیی هەبوو و هیچ ڕەنگێکی بەسەرا نەپژابوو و دەمم تامی شوکلاتگەلێکی ئەدا کە ددانەکانمی پێکەوە نووساندبوو و باشترین چێژی دنیای پێ ئەدام... لە قوڵایی خەوێکی کورتدا کەسێکم بینی کە هەستم ئەکرد لە ئەزەڵەوە لە یەک بووین. خۆمم لە گەڵیا لێتێکدەچوو، بەڵام هیچمان بە بیرمان نەئەهاتەوە کە کەی و لە کویا یەکترمان بینیووە. ئەویش تامەزرۆتر لە من دەستی بۆ ڕائەکێشام بە دوو دەستم دەستەکانیم گرتبوو، بەڵام هیچمان دەنگمان نەبوو و تەنیا لە ڕووی جوڵەی لێوەکانیەوە زانیم ناوی چییە. ڕۆحم گیرۆدەی ببوو و وەک بڵێی هەستێکی نوێی خستبێتە دەروونمەوە، تەواوی هەستەکانیتری داپۆشیبووم.

کە بە ئاگا هاتمەوە تەواوی گیانم خووسابوو و دڵم خراپ بە توندی لێی ئەدا. لە زێینمدا لا نەئەچوو و بەردەوام وێنەم دەکێشایەوە. بەیانی هەمان ڕۆژ بە دوای ئەوۆ بووم هەر جۆرێک بووە بیدۆزمەوە و هەستێک کە لە گەڵیا ببووم دووبارەی کەمۆ. خۆمم بۆ گەڕان بە دوایا ئامادە کردبوو و دڵنیا بووم لە نێو هەزاران کەسا دەستبەجێ ئەیناسمەوە.

مرۆڤەکانم یەک لە دوای یەک جێئەهێشت، هەموو لە یەکتر ئەچوون و ئەو لە ناویانا نەبوو. لە خەتکێشی تەواوی خیابانەکان تێپەڕیبووم، لە لێوە وێڵ بووەکانی بنیامە تەنیاکان، لە چرچ و لۆچی ڕۆژەکان و حەوتووە دووپاتەکان و خەتچینی ساڵە مردووەکان تێپەڕیبووم. دواجار نەمبینیەوە و نازانم دیسان خەونێکی قوڵ بوو یا نە؛ مانوو و تینوو گەیاندبوومیە پیرەپیاوێکی چەماوەی سەر و ڕیش سپی کە لە پاڵ چۆماوێکا و لە بن سێبەری دارێکا دانیشبوو؛ خۆم فڕێ دایە ناو ئاوەکە و توونێتیم شکا؛ پیرەپیاوەکە ڕێگایەکی پیشان دام و وتی: ڕۆژانە کەسانێکی زۆر ڕێگایان گووم دەکەن و ڕێیان دەکەوێتە ئەم کانی و ئاوە من لێی دانیشتووم، بە دوای ئاماژەی دەسیا ڕۆشتم، دوای چەن خولەک دەشتێک لە گوڵ و دار چنار لە بەردەمما سەوز بوو. لە دوورەوە بینیم کەسێک لە بەر دارەکا کەوتووە، لێی نزیک بوومەوە، هەمان هەستی خەونە قوڵەکە، دەروونی داگرتم؛ ئاماژەی بە دارەکەی ژوور سەری ئەکرد، سەرم کە بەرز کردۆ بینیم کاتژمێرەکە لە سەر خەوێکی قوڵا کۆک کراوە. لە دارەکە چوومە سەرۆ، چەن جارێ قاچم خزاو و داکەوتم، دیسان بە دەست و قاچی ڕووشاو و خوێناوڵ خۆم گەیاندە کاتژمێرەکە، دەستم بۆ ئەکێشا، لە پڕ داکەوتم. هەموو شوێنێ لێڵ بوو، بە زۆر چاوم کردەوە، سەرم لە سەر گۆڕەکە بەرز کردەوە نووسراوەکانیم ئەخوێندەوە کە بە بیرم هاتەوە چەندە خولیای نووسینم هەبوو، دەمێک بوو ناخم مردبوو...

* شەرمین ساڵحی



(١)

## «دواهەمین سەرکردە»

هات و چووی پێ کەوتبوو و ئەم سەر و ئەوسەری ژوورەکەی دەکرد؛ جار جار لە سووچێکی پەنجەرەکەوۆ سەیری دەرۆی دەکرد؛ سوپایەک کە ئاڵاکەیان لە نێو دووکەڵ و ئاگرا نادیار بوو بەرێوە بوون. لە لای دیوارەکە ڕاوەستا. وێنەیەک لە سەر دیوارەکە خۆی لە چاو دەدا. قسەی سەرکردەکەی هاتەوە یاد کاتێ پێی کوتبوو: ئەگەر بە دیل بگیرێیت حوکمت هەمان دەبێت. دەمانچەکەی لە ناوقەدی دەرهێنا؛ دەنگی تەقە و هات و هەرا تابێ لە گوێی نزیک دەبووەوە؛ پێکوتە نیزامیەکانی لە سەر شانی کردەوە و لە سەر مێزەکەی دانا، جگە لە ژێرکراسییەک و ژێرپانۆڵییە نەبێ هیچی لە بەردا نەهێشتبوو؛ پۆتینەکانیشی لە پاڵ جلەکانیدا دانا. ماشەکەی کێشا؛ پاشان ڕوو بە دیوارەکە، ڕێزی خۆی بەرامبەری نواند و هەڵگرپایەوە؛ بۆ چەند چرکە بێدەنگ بوو و لە پڕ دەمانچەکەی تەقاند. دەم و چاوی سەرکردەکەی شەڵاڵی خوێن ببوو. سوپاکە گەشتبوون، پێی وا بوو دەنگی تەقە و هەرای سەرکەوتنی دوژمنە!!

(٢)

## «پێشبینی»

کوڕە گەنجەکە لە سەر نیمکەتێکی پارکەکە دانیشتبوو. ڕووی لە پیاوە بەتەمەنەکەی لای دەستی کرد و پێی کوت:

- من دەتوانم ژیانی هەموو مرۆڤێک ببینم و چارەنووسیان بخوێنمەوە.

پیاوەکە بە سەرسووڕمانەوە:

- چۆن شتی وا دەبێ؟ من بڕوام بەم قسانە نییە

- باشە مادام ناتهەوێ من دەڕۆم

پیاوەکە کەمێک بێدەنگ بوو ئینجا کوتی:

- باشە ئێستا بڵێ چی لە من دەزانی؟

- ژنی دووهەمت ٣٠ساڵ لە تۆ کەم تەمەنترە و بە نهێنی لە گەڕەکێک لە خوارووی شار خانوویەکت بۆ کڕیووە

پیاوەکە ڕەنگی هەڵگەڕا و بە شڵەژاوی کوتی:

- ئێ چیتر دەزانی؟

- ژنی یەکەمت کوڕێکی هەیە کە هەموو وا دەزانن کوڕی خۆتە.

پیاوەکە، کە تەواو پەشۆکابوو و ڕەنگی هەڵگڕابوو، کوتی:

- باشە چارەنووسی من چی دەبێت؟

- تا دە ڕۆژیتر، ژنی یەکەمت پێی دەزانێ و دوای ڕووبەڕوو بوونەوە یەکیان بە دەستی ئەویتر دەکوژرێت

پیاوەکە بە پەلە نیمکەتی پارکەکەی بە جێهێشت و خۆی گەیاندە لای ژنی دووهەمی و لە یەکەم دەفتەرخانەی مارەبڕیندا تەلاقی دا.

کوڕە گەنجەکە لە بەردەم دەفتەرخانەکەدا، چاوەڕێی دەکرد

**(٣)**

## «دڵۆپەکان»

چەن دڵۆپێک لە ڕووبارێک جیبا ببوونەوە؛ ڕووبار بێ ئاگا ڕێگەی دەپێوا؛ دڵۆپەکان دەگریان و بانگیان لە ڕووبار دەکرد.

- تا نەبووین بە هەڵم بمانخەرەوە ئامێزی خۆت؛ ئێمە بەشێکین لە تۆ.

ڕووبار بە گاڵتەوە وڵامی دایەوە، بێ ئێوەیش بوونم هەیە و چ پێویستم بەم دڵۆپە بچووکانەیە.

خۆر گوێی لێ بوو، تیشکی خستە سەر ڕووبار، دوای ماوەیەک تا دوایین دڵۆپ ویشک بوو و لە جێی ڕووبارەکە چەند دڕک و داڵێک ڕووا.

(٤)

## «هیوایەت»

دانیشتوانی کۆڵانەکە بەرە و عارەبانەی پیاوەکە دەچوون، دوای چەند خولەک تەواوی سەوزییەکانی فرۆشرا.

ماشینێک بەخێرایی لە تەنیشتیەوە تێپەڕی و لە بەر خانوویەکی چەد نهۆمیدا وەستا.

دەرگای خانووەکە کرایەوە؛ خزمەتکارەکە بە پەلە کەل و پەلە خواردەمەنییەکانی دەرهێنا و چووە نێو خانووەکە. پیاوە سەوزیفرۆشەکە ئاهێکی هەڵکێشا و پاڵی بە عارەبانەکەیەوە نا؛ هێشتا چەند هەنگاو دوور نەکەوتبووەوە کە تەقە هەڵسا؛ ویلچێرەکە هەڵگەڕابووەوە. پیاوەکە عارەبانەکەی جێهێشت و خۆی گیاندە لای. بە ئاسوودەیی ڕێگەکەی گرتەوە بەر...

(٥)

## «سەتڵ»

منداڵەکە هەموو وزەی خۆیَ بە کار هێنابوو، تاکوو دەستی بە بن سەتڵەکەی بەر ڕێستووڕانەکە بگات؛ چێشت و خورانەوەیەکی تا نیووە خوراوی دەرهێنا و بە خێرایی خۆی بە نێو جەماوەری پیادەڕەوەکەدا کرد و دوای چەند چرکە لە بەرچاو ون بوو. چاوم بڕیبووە سەر ئەو ڕستەیەی لە سەر سەتڵەکە نووسرابوو(من خواردنێکی باشتر لە شەست لە سەدی منداڵانی جیهان دەخۆم)

* شەرمین ساڵحی



## «تۆڵەی کوێرێک لە یاریەکی گێڕانەوەی ناقۆڵادا»

### ١- کوێری

شانەی بە پرچی دادەهێنا و لە ئاوێنەکەدا سەرنجی دەدایە سەر لۆچەکانی دەموچاوی. خەندەیەکی خەمساردانەی هاتە سەرلێوی. دڵنیابوو لەوەی ئەو خەندەیەی ناتوانێت پیریەکەی بشارێتەوە. هەستی دەکرد پیرەپیاوی چاوپۆش لە چاو زیاتر لە هەرکەسێک بەو دەچێت، بەو جیاوازییەی، کە ئەو توانا زایندییەی بەخەیاڵ لە پیرە پیاوی چاو پۆشراودا دروستی کردبوو بۆ چەپاندنی تێگەیشتنە نەرێیەکان بەرانبەر پیری، لەودا بوونی نییە. پێوەندی نێوان پیرەپیاو و کچەی چاویلکەیش تەنێ بۆ قەرەبووکردنەوەی لاوازیەکەی خۆی لە کاتی سەرجێیی کردنی ژناندا سازاندبوو. هەندێک یاری بە بۆینباخەکەی کرد. هەستیکرد شێوەیەکی جوانی پێ نادا، فڕێیدایە سەر سیسەمەکە. کتێبێکی لەسەر مێزتەوالێدەکە هەڵ گرت و لەسەر سیسەمەکە بەپشتدا پاڵیدایەوە, کتێبەکەی لەسەر سینگی دانا. لە سەقفی ژوورەکەی دەڕوانی. دەیویست بە جوانی سەرنجی ڕەنگەکان بدات. چاوی دادەخست و لە ژێر لێوەوە دەیگوت: تاریکایی باڵی کێشاوە، ئەوەی وێنەیە بیندراو نیە, ئەوەی بیندراو هەیە وێنەی نییە. چاوەکانی دەکردەوە و دەیگوت: بەهای وێنەکان بە بوونی بینایيمانەوە بەندە. هەستی کرد بیرۆکەی ڕۆمانێکی دیکە لە خەیاڵیدا گەڵاڵەبووە. لەسەر بەرگی کتێبەکە خوێندییەوە( کوێری. نووسینی: ژۆزێ ساراماگۆ) کاتێک گەیشتە سەر ناوەکەی خۆی هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، زەردەخەنەیەکی کرد: من! پەڕەی یەکەمی هەڵدایەوە لەسەری نووسی: دوای کوێری. دوای هەڵگرتنی پەردەی ڕەش دەبێ دەنگەکان بناسیەوە، سەرەتا بەدوای دەنگی خۆتدا دەڕۆی هەستدەکەیت نائومێدی چ دڕندەیەکی لێ دروست کردووی. پەلەقاژە لەپێناوی مانەوە چۆن توانیویەتی باوەڕەکانت بچەپێنێ. ئەو دێرەشی خستە سەر نووسینەکە و دەستی هەڵگرت( هەستی هاوەڵەکانی تاریکی چۆنە، کاتێک ڕووناکی سەروەرە؟). کتێبەکەی داخستەوە، چاوەکانی بۆ دووریان ڕوانی و خەندەیەکی فێڵبازانە لەسەر لێوەکانی گیرسایەوە. هەستێکی فڕین ئاسا سەرتاپای ڕۆحی داگرت و جۆشی سەند. ئەو چەند دێرەی وەک تێبینی بۆ گرێچنی ڕۆمانێکی نوێ نووسی. سەیری کاتژمێرەکەی کرد. یەک کاتژمێری مابوو بۆ ڤیستڤاڵەکە. ئەو خەڵاتەی، کە تا ئەو کاتە ڕۆژێک بە خەیاڵیشیدا نەهاتبوو

وەریگرێت، ئێستا لە لیستی پاڵێوراوان دابوو بۆ وەرگرتنی ئەو خەڵاتە.

زیاتر لەوەش نزیکبوو لە دڵنیایی, کە ڕۆمانەکەی ئەو شیاوی خەڵاتەکەیە. سەرەتاکانی کوێری خۆی بیرکەوتەوە(هەستێکی ناخۆش، شڵەژانێکی دەروونی لە ڕادەبەدەر. سەرگەردانبوون لەنێوان تورەیی و نائومێدی).

دۆخی ئەوسای خۆی بە ئێستای بەراوردکرد. گەیشتە ئەوەی سەختیەکان قوتابخانەی پێگەیاندنی تواناکانە. لەخۆی پرسی: ئایا ئەگەر ئەزموونی کوێریم نەکردبا، دەمتوانی ڕۆژێک ڕۆمانێکی لەبارەوە بنووسم؟ دەشێ درکم بە کوێری مەعریفەی مرۆڤی هەڵپەرست و بەرژەوەندی خوازی سەردەم کردبا، وەلێ سەدان کەسی دیکەش هەم لە کوێری چاو هەم لە کوێری مەعریفی ڕاماون و بیرۆکەی ڕۆمانێکی لەو جۆرەیان بۆ دانەڕشتووە. گومانێک شڵەژاندی: ئەگەر منیش گێڕانەوەیەک زیاتر نەبم چی؟ ئەگەر ژیانی من گێڕانەوەیەکی بە سەروبەر نییە، ئەی چۆن هەموو ڕووداوەکانی ئاوا بەناوازەیی لە یەک گرێدراون؟! بەجۆرێک ئەگەر ڕووداوی کوێربوونەکەم نەبووایە لەوانەبوو ڕۆمانی کوێری لە دایک نەبووبا. موچوڕکێک بە موغەرەی پشتیدا تێپەڕی. لەرزێک بۆ ماوەی چەند چرکەییەک سەرتاپای

جەستەی داگرت. هەوڵیدا ئەو بیرانە لە مێشکی خۆی دووربخاتەوە. چووەوە بەر ئاوێنە. لەوکاتەوەی لە کوێری چاک بووەوە هەرکاتێک دەهاتە پێش ئاوێنە، بیری بۆ پێوەندی نێوان جوانی و چاو دەچوو. هەستیدەکرد ئەو چیرۆکەی ئەو بیری لێ دەکاتەوە لە لووتکەی وردەکاری داییە. هەماهەنگییەکی وردی هەست پێ دەکرد لە گەیاندنی مانای جوانی بە بینایی مرۆڤەکان, چاوی داخست. لەژێر لێوەوە: کاتێک تاریکایی باڵی کێشا وێنەکان بەهاییەکیان نامێنێ و وێنای جوانی دەچێتە قۆناغێکی جیاوازەوە. بەرەبەرە چاوی کردەووە، بە دەنگێکی تەوساویەوە: من دەبینم. ئەها تۆ دەبینم. چاوێکی لە وێنەی ناو ئاوێنەکە داگرت, پەڕەی وتارەکەی هەڵگرت و لەژوورەکە وەدەرکەوت. هەستیکرد وێنەی بەرانبەری بەرەبەرە لێڵ دەبێ. لە جێگای خۆیدا وەستا هەستی کرد کەوتە نێو دەریاییەک سپیاییەوە و هیچی نەبینی. یەک دووجار چاوی هەڵگڵۆفی بەڵکو ئەوە هەڵوەسەیەک بێت، بەڵام نە شانەی بە پرچی دادەهێنا و لە ئاوێنەکەدا سەرنجی دەدایە سەر لۆچەکانی دەموچاوی. خەندەیەکی خەمساردانەی هاتە سەرلێوی. دڵنیابوو لەوەی ئەو خەندەیەی ناتوانێت پیریەکەی بشارێتەوە. هەستی دەکرد پیرەپیاوی چاوپۆش لە چاو زیاتر لە هەرکەسێک بەو دەچێت، بەو جیاوازییەی، کە ئەو توانا زایندییەی بەخەیاڵ لە پیرە

پیاوی چاو پۆشراودا دروستی کردبوو بۆ چەپاندنی تێگەیشتنە نەرێیەکان بەرانبەر پیری، لەودا بوونی نییە. پێوەندی نێوان پیرەپیاو و کچەی چاویلکەیش تەنێ بۆ قەرەبووکردنەوەی لاوازیەکەی خۆی لە کاتی سەرجێیی کردنی ژناندا سازاندبوو. هەندێک یاری بە بۆینباخەکەی کرد. هەستیکرد شێوەیەکی جوانی پێ نادا، فڕێیدایە سەر سیسەمەکە.

کتێبێکی لەسەر مێزتەوالێدەکە هەڵ گرت و لەسەر سیسەمەکە بەپشتدا پاڵیدایەوە, کتێبەکەی لەسەر سینگی دانا. لە سەقفی ژوورەکەی دەڕوانی. دەیویست بە جوانی سەرنجی ڕەنگەکان بدات. چاوی دادەخست و لە ژێر لێوەوە دەیگوت: تاریکایی باڵی کێشاوە، ئەوەی وێنەیە بیندراو نیە, ئەوەی بیندراو هەیە وێنەی نییە. چاوەکانی دەکردەوە و دەیگوت: بەهای وێنەکان بە بوونی بیناییمانەوە بەندە. هەستی کرد بیرۆکەی ڕۆمانێکی دیکە لە خەیاڵیدا گەلاڵەبووە. لەسەر بەرگی کتێبەکە خوێندییەوە( کوێری. نووسینی: ژۆزێ ساراماگۆ) کاتێک گەیشتە سەر ناوەکەی خۆی هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، زەرەخەنەیەکی کرد: من! پەڕەی یەکەمی هەڵدایەوە لەسەری نووسی: دوای کوێری.



دوای هەڵگرتنی پەردەی ڕەش دەبێ دەنگەکان بناسیەوە، سەرەتا بەدوای دەنگی خۆتدا دەڕۆی هەستدەکەیت نائومێدی چ دڕندەیەکی لێ دروست کردووی. پەلەقاژە لەپێناوی مانەوە چۆن توانیویەتی باوەڕەکانت بچەپێنێ. ئەو دێرەشی خستە سەر نووسینەکە و دەستی هەڵگرت( هەستی هاوەڵەکانی تاریکی چۆنە، کاتێک ڕووناکی سەروەرە؟). کتێبەکەی داخستەوە، چاوەکانی بۆ دووریان ڕوانی و خەندەیەکی فێڵبازانە لەسەر لێوەکانی گیرسایەوە. هەستێکی فرین ئاسا سەرتاپای ڕۆحی داگرت و جۆشی سەند. ئەو چەند دێرەی وەک تێبینی بۆ گرێچنی ڕۆمانێکی نوێ نووسی. سەیری کاتژمێرەکەی کرد. یەک کاتژمێری مابوو بۆ ڤیستڤاڵەکە. ئەو خەلاتەی، کە تا ئەو کاتە ڕۆژێک بە خەیاڵیشیدا نەهاتبوو وەریگرێت، ئێستا لە لیستی پاڵێوراوان دابوو بۆ وەرگرتنی ئەو خەلاتە. زیاتر لەوەش نزیکبوو لە دڵنیایی, کە ڕۆمانەکەی ئەو شیاوی خەلاتەکەیە. سەرەتاکانی کوێری خۆی بیرکەوتەوە(هەستێکی ناخۆش، شڵەژانێکی دەروونی لە ڕادەبەدەر. سەرگەردانبوون لەنێوان تورەیی و

نائومێدی). دۆخی ئەوسای خۆی بە ئێستای بەراوردکرد. گەیشتە ئەوەی سەختیەکان قوتابخانەی پێگەیاندنی تواناکانە. لەخۆی پرسی: ئایا ئەگەر ئەزموونی کوێریم نەکردبا، دەمتوانی ڕۆژێک ڕۆمانێکی لەبارەوە بنووسم؟ دەشێ درکم بە کوێری مەعریفەی مرۆڤی هەڵپەرست و بەرژەوەندی خوازی سەردەم کردبا، وەلێ سەدان کەسی دیکەش هەم لە کوێری چاو هەم لە کوێری مەعریفی ڕاماون و بیرۆکەی ڕۆمانێکی لەو جۆرەیان بۆ دانەڕشتووە. گومانێک شڵەژاندی: ئەگەر منیش گێڕانەوەیەک زیاتر نەبم چی؟ ئەگەر ژیانی من گێڕانەوەیەکی بە سەروبەر نییە، ئەی چۆن هەموو ڕووداوەکانی ئاوا بەناوازەیی لە یەک گرێدراون؟! بەجۆرێک ئەگەر ڕووداوی کوێربوونەکەم نەبووایە لەوانەبوو ڕۆمانی کوێری لە دایک نەبووبا. موچوڕکێک بە موغەرەی پشتیدا تێپەڕی. لەرزێک بۆ ماوەی چەند چرکەییەک سەرتاپای جەستەی داگرت. هەوڵیدا ئەو بیرانە لە مێشکی خۆی دووربخاتەوە. چووەوە بەر ئاوێنە. لەوکاتەوەی لە کوێری چاک ببووەوە هەرکاتێک دەهاتە پێش ئاوێنە، بیری بۆ پێوەندی نێوان جوانی و چاو دەچوو. هەستیدەکرد ئەو چیرۆکەی ئەو بیری لێ دەکاتەوە لە لووتکەی وردەکاری داییە. هەماهەنگییەکی وردی هەست پێ دەکرد لە گەیاندنی مانای جوانی بە بینایی مرۆڤەکان, چاوی داخست. لەژێر

لێوەوە: کاتێک تاریکایی باڵی کێشا وێنەکان بەهاییەکیان نامێنێ و وێنای جوانی دەچێتە قۆناغێکی جیاوازەوە. بەرەبەرە چاوی کردەووە، بە دەنگێکی تەوساویەوە: من دەبینم. ئەها تۆ دەبینم. چاوێکی لە وێنەی ناو ئاوێنەکە داگرت, پەڕەی وتارەکەی هەڵگرت و لەژوورەکە وەدەرکەوت. هەستیکرد وێنەی بەرانبەری بەرەبەرە لێڵ دەبێ. لە جێگای خۆیدا وەستا هەستی کرد کەوتە نێو دەریاییەک سپیاییەوە و هیچی نەبینی. یەک دووجار چاوی هەڵگلۆفی بەڵکو ئەوە هەڵوەسەیەک بێت، بەڵام نەخێر، ئەو کوێرببوو. دەستی گێڕا, کیلۆنی دەرگاکەی دۆزیەوە. چووەوە ژوورێ, دەرگاکەی پێوە دا. دەستی لە هەوادا دەگێڕا تا خۆی بگەیەنێتە شوێنێک لێی دابنیشێت. لە ڕێگادا قاچی لە چەند شتێک گیربوو، بە دەنگی شکانی شتەکان زانی ئەو شتانە چیبوون. ویستی بزانێ بۆچی خەریکبوو لە ماڵ دەردەچوو، بەڵام چەندی کردی هیچی بیرنەکەوتەوە. بەپەل کوتان تۆزێکی تر چووە پێشەوە، قاچی لە مێزێک گیربوو بە دەمدا کەوت. ئازارێکی تیژ لە کۆتایی لووتیەوە سەریهەڵدا, بۆ ناوەوەی سەری کشا.

## ٢- یاری مردن

دووسێجار لەبەرانبەر ئاوێنەکە سڵاوی سەربازانەی بۆ خۆی کرد: بەڵێ گەورەم! فەرمانتە!

دەنگی ڕادیۆکەی بەرزکردبووەوە. بێژەرەکە بەمشێوەیە دەستی بەقسان کرد: ژەنەڕاڵێک پێشنیازی کردووە بۆ وەزارەتی ناوخۆ، کە بۆ بەرگرتن لە تەشەنەکردنی نەخۆشیە نەزانراوەکە، قوربانی بە توشبووان بدەین لە پێناوی پاراستنی ساغەکان. دەبێ لە خۆ ببورین و ئەندامە ڕزیوەکەی جەستەمان فڕێ بدەین لە پێناوی پاراستنی ئەندامەکانی دیکەی جەستەی کۆمەڵگە. دوای کۆمەڵکوژی کوێرەکان لاشەکانیان لە شوێنێکدا کۆبکەینەوە و بیان سوتێنین. لە ئاوێنەکەدا، پیرەپیاوێک لە جلی ژنەڕاڵێکی بە هەیبەتدا خەندەیەکی فێڵبازانەی دەکرد. لە دەرگە درا. گەنجێکی شیکپۆش هاتە ژوورەوە بەبێ سڵاو دەستی بە قسان کرد: باوکە تۆ چی دەکەی؟! ئەو قسانەی تازە گوێم لێ بوو وەک بۆمبی ناوەکی وایە و هەموان لەناو دەبا!

کوڕی خۆم ئەوەی کردوومە لە پێناوی وڵاتەکەمە. ژەنەڕاڵەکە ئاگای لەوە نەبوو لە شوێنێکی دیکەدا کۆمەڵە کوێرێک بەدیار ڕادیۆییەکەوە دۆش دامابوون و بە غەمبارییەوە بیریان لە هەواڵەکە دەکردەووە.

گەنجەکە: ئاخر باوکە..



ئاخری پێ ناوێ کوڕم ئەوە قوربانییەکە تەنانەت ئەگەر گیانی خۆشمی بووێ پێشکەشی دەکەم, درێژەشی پێ مەدە.

گەنجەکە چووە دەرەوە. ژەنەڕاڵەکە کڵاوەکەی لە سەری کرد، بزەییەکی بۆ ئاوێنەکە کرد. بۆ لای دەرگەکە سوڕا. تاریکایی باڵی کێشابوو لە دەرەوە دەنگی ماشێنی پۆلیس دەبیسترا. ژەنەڕاڵەکە کیلۆنی دەگاکەی سوڕاند، دەرگەکەی کردەووە، هیچی نەبینی جگە لە دەریایەکی شیری. چاوەکانی هەڵگلۆفت، بەڵام بێ سوود بوو. ئەو پەردە سپییەی بە پێش چاوی داهات بوو, کوێرایی داهێنابوو. هەستی بە دڵە کوتێ کرد. سینگی گوشرا. گەڕایەوە ژوورێ. بە پەل کوتان گەڕاییەوە بەردەم ئاوێنەکە. هەر دەنگی شکانی شووشە بەرز دەبووەوە، کەوت، هەڵساییەوە، کەوت، هەڵساییەوە. دەستی لە ئاوێنەکە خشاند، چەند جارێکی دیکە چاوەکانی هەڵگلۆفت, سەرنجی داییەوە، بەڵام

هیچی نەبینی. دەنگی بێژەرەکە لە گوێیدا زرینگاییەوە: بۆ بەرگرتن لە تەشەنەکردنی نەخۆشیە نەزانراوەکە، قوربانی بە توشبووان بدەین... دەستی بۆ دەمانچەکەی برد. لەرزێک کەوتە هەناوییەوە. دەستی کێشایەوە. چەند دڵۆپە فرمێسکێک لە چاوەکانی قەتیس بوون. دەستی بۆ دەمانچەکەی برد. دەستی کێشایەوە. چەندجارێک ئەمە ڕوویدا. لەبەر خۆیەوە پاتەی دەکردەووە: دەبێ ئەنجامی بدەم, دەبێ ئەنجامی بدەم. دەمانچەکەی لە بن قوڕگی دانا. دەستی لەرزی، دەمانچەکەی لەدەستی بەربووەوە. ئەنجامی دەدەم. پەنجەی بە دوگمەی بێتەلەکەییەوە نا: هەرئێستا ڕۆشناییم لەدەست دا. لەپێناو پاراستنی هاونیشتیمانیانم ئەم قوربانییە دەدەم، بەزووترین کات بگەنە ماڵی ئێمە و تەرمەکەم بسووتێنن. دەمانچەکەی هەڵگرتەوە، لەبن قورگی دانایەوە. دەستی لەرزییەوە، دەنگی هەورەگرمە ڕایچڵەکاند. شەلاڵی ئارەقە ببوو, وەک ئەو پەپووەی بەربارانەکە تەڕ. لەرزی و کەوتە سەر زەوییەکە. دەمانچەکەی لە دەست بەر بووەوە. هێزی دایە بەر خۆی بە پەل کوتان دەمانچەکەی دۆزییەوە. من دەتوانم،. دووگمەی بێ تەلەکەی داگرتەوە. دەنگی فیشەکێک بیسترا.

باوکە؟! باوکە؟

## ٣- ژۆزێ ساراماگۆ

ئەوەی جەنجاڵی کردبووم, لێکدانەوەی کوێری بوو. ئایا جوانی چ پێوەندییەکی بە چاوەوە هەیە؟ ئەوێ ڕۆژێ جوانی سەرگەردان بوو, لە دەرەوەی ڕۆشنایی و بیناییەوە. ئیشم لەسەر ئەوەکرد گرێی نیوان هاوئاهەنگ بوونی ئەو سێ چەمکە بپسێنم وسەرنج بدەم بزانم ژیان چۆن دەگوزەرێ. ڕۆمانی کوێریم نووسی بەڵام ئایا کوێری چییە؟ ئایا من توانیم کوێری وێنا بکەم؟ دەنگی هەناسەبڕکێ و ئاخ و ئۆفی ئۆرگازم وەک چەکوشێک سەریان دەکوتا. لە ژووری ئەو دیو تریقانەوە تێکەڵ بە ڕاموسین و یەکتر گوشین وێنەیەکی شەهوانیان پێشان دەدا. وەک ئەوەی بە دەستی ئەنقەست بۆ ئازاری کەسێک دەنگی چرپنی لوتکەچێژ لەگەرووەکاندا تادەهات زیاتر بەرز دەبووەوە. بجوولێ, بجوولێ.

پیاوەکە بەکوڵ دەگریا. پەرداخە ئاوەکەی لە دەست بەربووەوە تێناگەم ئەم دۆخە چییە تێیکەوتووم؟ من و هاوژینەکەم یەکتریمان خۆشدەویست, بۆچی ئێستا هەر بۆ ئازاردانم ڕۆژانە پیاو دەهێنێتەوە بۆ ماڵەوە؟! لەودیو بەئەنقەست و بۆ ئازاردنی من دەنگی چێژەکانی بەرزەکاتەوە. دوای تەواوبوون بە بەردەممدا تێدەپەڕێ, پیاوەکە نازانم بڵێم پیاوەکان یان پیاوەکە هەموو ڕۆژ هەمان

پرسیار دووبارە دەکاتەوە : ئەدی پیاوەکەت؟ ئەویش بە خەمساردییەوە وەڵام دەداتەوە: ئەو کوێرە کەوڵەکۆنە دەڵێی؟ قاقایەک لێ دەدەن و دەچنە دەرەوە. ئەمڕۆ خۆم لەو قوزەڵقورتە ڕزگار دەکەم. چەقۆیەکم لە دەست گرتووە, چاوەڕی دەکەم, لەگەڵ وەڵامدانەوەی هاوژینەکەمدا چەقۆکە لە شوێنی سەرچاوەی دەنگەکە دەچەقێنم. دەستەکانی دەلەرزین. فرمێسکی بە تاو دەهاتە خوارەوە: هەڵەیەک هەیە، ئەم دۆزەخە چییە تێی کەوتووم؟! هێڵنجێکی دا. نێوچەوانی یەکپارچە ئارەقە بوو. مستەکانی دەگوشین. دەنگی قاقاکان نزیک بوونەوە. چوقۆکەی لەپشتی خۆی شاردەوە. سەری بە دیوارەکەدا لارکردەووە، متەقی لەخۆی بڕی.

ئەی پیاوەکەت؟

ئەو کوێرە کەوڵەکۆنە..

قیژەییەک بیسترا

## ٤- کاراکتەرێکی سەرگەردان

سەرەتاکانی کوێریم هۆکارەکەیم نەدەزانی، وەلێ دوای ئەوەی قولبوومەوە لە گێڕانەوەکانم تێگەیشتم هۆکاری ئەو کوێرییە لەناکاوەی من و خەڵکێکی زۆریش چییە. ئەو ڕۆژەم لە بیرە, کە هەر وەکو خوی چەند ساڵەم خۆم گەیاندە نزیکترین کتێبخانە لە شوێنی کارەکەمەوە. بارانێکی بەخوڕدەباری هەورەکان دەیان قیژاند.

خۆری سۆزم هەڵ دەلەرزی

دڵم لەژێر دەستت تەزی

شێتی نێو دونیای کتێبەکان بووم. پێم لە واقیع دابڕابوو، لەنێوان کاراکتەرەکان سەرم لێ شێوابوو. بەزۆر چەترەکەمم گرتبوو تا ڕەهێڵە نەیبا. خۆم بەژووردا کرد. چاوێکی خێرام بە ڕۆژنامەکاندا گێڕا. گەرمترین هەواڵەکان ئەمانە بوون:

( نەخۆشییە نازانراوەکە بەخێراییەکی زۆر بڵاودەبێتەوە)

(هاونیشتمانیان بەرەو کوێریی دەچن و حکومەتیش خەمساردە لەو بارەییەوە)

(ژەنەراڵێک داوای لەناوبردنی کوێرەکان دەکا لەپێناوی چاو ساغاندا )

(سەرسامبوونی پزیشکان بەرانبەر کوێری)

ئەو کتێبانەم هەڵگرت, کە بەتایبەت بۆیان هات بووم.

خوێنم دەکولا. بە پەلەبووم زوو بگەمەوە ماڵەوە و دەستبکەم بە خوێندنەوەیان.

هەنگاوەکانم خێرابوون. ویستم چەترەکەم هەڵکەم. کەوتمە نێو دەریایەکی

شیرییەوە. هیچم نەبینی, بەدەمدا کەوتم. هاوارم کرد: من کوێر بووم!

هیچ کەسێک نەیوێرا بەهانامەوە بێت. لەبەرئەو بارانە هاوارام دەکرد و بەپەل کوتان دەڕۆیشتم، تا چەند کەسێک قۆڵیان گرتم و بردمیان بۆ شوێنێک، دواتر زانیم هەمان ئەو شوێنەییە, کە کوێرەکانی تێیدا کۆکراوەتەوە.

کەوتمە دەمی هەژدیهایەکەوە

لەدەریاییەکی شیریدا

ڕۆشناییم ونکرد

ئەو ڕۆژە چێژی کتێبەکانم لەدەست دا. دەستم بە بەرگ و پەڕەکانیاندا دەهێنا.

دووبارەبوونەوە، وەڕسی کردبووم.

کات دەڕوا

منیش:

لەقوڕگی نائومێدیدا

زەمەن دەجوومەوە

ناچاربووم بۆ خۆ سەرقاڵکردن، خۆم بە دروستکردنی چیرۆکەوە سەرقاڵ بکەم. ڕۆژەکانی سەرەتا. بەندییە کوێرەکانی دیکە لە دەورم کۆدەبوونەوە تا بە گێڕانەوەی چیرۆکەکانم سەرقاڵیان بکەم.

تا ڕۆژێک لە ڕادیۆوە ئەم هەواڵەمان بیست: ژەنەڕاڵێک داوای لە وەزارەتی ناوخۆ کردووە, کە بۆ بەرگرتن لە نەخۆشییەکە کوێرەکان لەناو ببرێن. دوای ئەو هەواڵە کوێرەکان لە بێ ئومێدی خۆیان بەرەبەرە ڕەفتارەکانیان دەگۆڕا بەرەو دڕندەیی. دەیانویست خۆیان لەنێو شەهوەتدا ون بکەن. شەوانە من لەبەرخۆمەوە چیرۆکم دەگێڕاییەوە, هەستم دەکر هەموویان خەوتوون، جگە لە وەی هەمیشە دەنگی ژنێک دەیگوت: بەردەوام بە. کەسەکانی دیکە پێیان دەگوت: پیرەژنی بێ خەو، بەڵام بۆ من شتێکی دیکە بوو. ئەو تاکە کەس بوو, کە گرنگی بە چیرۆکەکانم دەدا. کاتێک من چاوێکم نەبوو بۆ جیاکردنەوە، تەمەن بۆ من گرنگیەکی نەبوو. پیاو هەمیشە وەک منداڵێک پێویستی بەگرنگی پێدانە. گرنگیدانی ئەو ژنەش بە چیرۆکەکانم منی عاشق کرد. شەوانە بەهیوای گوێ گرتنی ئەوەوە چیرۆکەکانم درێژتر دەکردەوە. تادەهات چیرۆکی عاشقانەترم دەگێڕایەوە. تا ڕۆژێک گروپێک پەیدابوون، دەستیان گرت بەسەر بەشە خۆراکی زیندانیان, بۆ ئەوەی بەشە خۆراکمان پێبدەن. داوای ژنەکانیان کرد بۆ ڕابواردن. ئەوان بە دەنگی چەکێک ئێمەیان ترساند، کە لە کنیان بوو. شەوێک ئەو ژنەشیان برد و نەگەڕاییەوە. ئەو ژنانەی لە گەڵی بوون, گوتیان ئەوەندەیان ئازارداوە, گیانی لە دەستداوە.

ئەی نیگارکێش

تابلۆییەکەت چەندە ڕەشە!

ڕۆحمان دەرچوو لەژێر بەردی ئەم هەرەسە!

دوای ئەو ڕووداوە ڕۆژبەڕۆژ دونیا زیاتر تەسک دەبووەوە بۆ من. نەمتوانی چیتر بگێڕمەوە.

...

**"ململانێ"**

١- هەستم کرد ئەو ڕووداوانە ڕاستەقینە نین، دەبێ خەیاڵێک یان گێڕانەوەییەک بن، شیاونییە من جارێک ژنەڕاڵ بم, جارێکیش نووسەرێک بم و کوێراییم دابێ. جارێک زەلیل بم لە ژێردەستی زوڵمی ژنێکی هەوەسباز.

بەڵێ بیرمدێتەوە ئەو ژنەی وا ئێستا بە نیازە بێتە دەرەوە و دەبێ من بەم چەقۆییە بیکوژم، پێشتر بۆم دەمرد ئەوەندەی خۆشدەویستم، ئەی بۆچی ئێستا ئاوا گۆڕاوە؟

٢- هەستم کرد ئەو ڕووداوانە ڕاستەقینە نین، دەبێ خەیاڵێک یان گێڕانەوەییەک بن، شیاونییە خەڵکی شارێک بە یەکجار کوێراییان دابێ!

گریمانەی ئەوەم کرد، کە کەسێک هەیە دەیەوێ لە شێوەی چیرۆکێکدا کارەساتێک بخولقێنێ بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی لەبارەی کوێرییەوە. وام دانا ئێمەش کاراکتەری ئەو گێڕانەوەین. گریمان ئەو کەسە ناوی ژۆزێ ساراماگۆیە. هەوڵم دا دووبارە دەستبکەمەوە بە گێڕانەوە، بەڵام ئەمجارە گێڕانەوەییەک بێت بۆ دەربازبوون لە تەلسمی گێڕانەوەییەک. ویستی ئەوەم هەبوو، کە نووسەری گێڕانەوەی چیرۆکی کوێری سزا بدەم، بە هەمان ئەو سزاییەی ئەو ئێمەی پێ سزا دابوو. بەمشێوەیە چەند چیرۆکێکم گێڕایەوە:

شانەی بە پرچی دادەهێنا و لە ئاوێنەکەدا سەرنجی دەدایە سەر لۆچەکانی دەموچاوی..

٢-بۆچی کەسێک دەییەوێ من بە گێڕانەوەی چیرۆک سزابدا؟ دواییی ئەم پرسیارەم لە خۆم کرد: بۆچی من ویستم شارێک بە کوێریی سزابدەم؟ لە جێی ئەوەی چەقۆکە بە سکی ژنەکەمدا بکەم، با گێڕانەوەیەک سازبکەم بۆ دەربازبوون لە تەلسمی ئەو گێڕانەوەیە. چۆن دەست پێبکەم؟

ئەها..-

**- کاراکتەرێکی سەرگەردان:**

سەرەتاکانی کوێریم هۆکارەکەیم نەدەزانی.. وەلێ پێش ئەوەی کاراکتەرەکەم سزا بدەم بەوەی چەقۆیەک لە سکی ژنەکەی ڕابکا، هاتمە سەر ئەو بڕواییەی با من وەک ئەو زاڵم نەبم, بەوەی بۆ گەرمکردنی گێڕانەوەکەم کاراکتەرەکانم بکەمە سووتەمەنی ، بۆیە بەم شێوەییە گێڕامەوە:

بۆچی کەسێک دەییەوێ من بە گێڕانەوەی چیرۆک سزا بدا؟

١-دەشێ ئەو دۆزەخەی تێی کەوتووم، خەیاڵێکی خۆم زیاتر نەبێ. ئەگەر ئەو چیرۆکە تەنێ خەونێکی خۆم بێ چی؟! وا چاوەکانم هەڵدەگلۆفم، بەڵام بەئاگا نایێمەوە. دڵنیام ئەمە ڕاستی نییە، بەبیرم دێتەوە من قەلەق بووم، لە چارەنووسی کاراکتەرەکانم نەگەیشتبوومە ئەنجامێک، ئەی چۆن خەیاڵی نۆبڵی ئەدەبی بەمێشکمدا هات؟

ئەی ئەگەر منیش گێڕانەوەیەک زیاتر نەبم چی؟

٢- هەست دەکەم گیرۆدەی داوەکانی گێڕانەوەبووم. نازانم من گێڕەرەوەم , یان گێڕدراوە.

١- هەست دەکەم گیرۆدەی داوەکانی گێڕانەوەبووم. نازانم من گێڕەرەوەم , یان گێڕدراوە.

...

هاواریکرد: من دەبینم! من دەبینم! بەڕاکردن و هاوار هاوار ڕایکردە بەر بارانەکە، ژنی پزیشکەکە سەرنجی لەو دیمەنە دابوو، لەناکاو کەوتە نێو دەریایەکی شیرییەوە و هاواری کرد: من نابینم!

* دابان عەتار



**تێبینی:**
خوێنەرانی بەڕێز، ئەم چیرۆکانەی خوێندتاننەوە بەرهەمی "کارگەی چیرۆکی بێسنوور" بوون ـ لە تێلێگرامدا ـ کە زۆربەیان لە ماوەی چەن ڕۆژ و بۆ سووژەی حەفتانەی کارگە نووسراون. هەر کەموکۆڕییەکیان هەبێ، چ لە ڕووی زمان و داڕشتنەوە، چ لە ڕووی ناوەرکەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئامادەکارانی ئەم حەفتەنامەیە بەپێویستییان نەزانیوە هەڵەبڕییان بۆ بکەن. چوونکە چیرۆکەکان کارگەیین و باش وایە قۆناخەکانی گەشەی ئەزموونگەرانەی نووسەران وەک ڕەوتێکی مێژوویی، بێ دەسکاریی بەرهەمەکانیان، وەک خۆی بمێنێتەوە. واتە کەموکۆڕییەکان پێوەندیی بە ئاستی هەنووکەیی نووسەرانەوە هەیە و لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا، بەرهەمە نوێیەکانی ئەو نووسەرە بەڕێزانە، بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشوویان، دەکرێ دەرخەری کاریگەرییەکانی کارگەی چیرۆک بێ.

## کلێشەی یاساکانی خاڵبەندی و تایپ و مەرجە زمانەوانییەکانی بڵاوکردنەوەی چیرۆک لە چیرۆکەڵەدا:

١ ـ لە سەرسەرەوەی ئەو دەقەی دایدەنێن بنووسن کە ئەوە "چیرۆک" ـە، "کورتە چیرۆک" ـە، "کورتیلە چیرۆک"ـە یان چییە!
٢ ـ حەتمەن ناوی چیرۆکەکەتان بنووسن، نەشتان نووسی، دەتوانن هێمایەک شتێک لەبری ناوەکەی دابنێن.
٣ ـ حەتمەن هەڵەی تایپی کارەکانتان چارەسەر بکەن!

٤ ـ تا ئەو جێگایەی لە توانای خۆتان دایە ڕێزمان و ڕێنووسی کارەکانتان درووست بکەن.
٥ ـ لە خاڵبەندی (ئاداتی نیگارشی) هەڵە و بێ جێ، کەڵک وەرمەگرن، مەگەر ئەوەی پاساوێکی تکنیکیتان بۆ بەهەڵە بەکارهێنانی خاڵبەندییەکانتان هەبێ. بۆ نموونە: لە تێکستەکانتاندا لە سێ نوقتە زیاتر ....... هەڵەیە، بێ مانایە؛ مەگەر بە مەبەستی جێخاڵی (بۆشایی بۆپڕکردنەوە) بەکاری بێنن! دووخاڵبۆڕ (نوقتە کاما) یان سێ خاڵبوڕ، یان زیاتر، پێکەوە، هەڵەیە! وەک ئەمە: ؛؛؛؛؛! کۆتایی ڕستەکان پاڕاگڕافەکان نوقتەیان دەوێ! بۆڕ (کاما) لە زمانی کوردی دا زۆر گرنگە، چوونکە پێکهاتەی زمانی کوردی وایە، واتە شێوەڕستە (ڕستەی نیوەچڵ) ـی زۆرە و ئەگەر بە بوڕ و خاڵبۆڕ ڕستەکان لێک جیا نەکەینەوە بەدحاڵیبوون دێتەگۆڕێ. هێمای پرسیار(؟) بۆ ڕستەی سەرسوڕمانی، هەڵەیە. واتە هێماکانی پرسیار و سەرسووڕمان [!؟] لە جێی خۆیان بەکار بێنن، مەگەر ئەوەی ڕستەکە هاوکات هەم پرسیاری بێ، هەم سەرسوڕمانی. هێمای سەیر و سەمەرە و بێ مانای دیکە بێ هۆکار و بێ پاساو بەکار مەهێنن بۆ نموونە: ◌̆◌̄ ◌̄ ◌́◌̆ ◌̃,,,/ ستیکێر یان ئەنیمەیشێن بەکار مەهێنن.

٦ ـ کاتێک دیالۆگ بۆ چیرۆکەکانتان دەنووسن بە هێمای تەقەڵ (خەتی تیرە) و لە سەرەتای ڕستەدا دیالۆگەکە دەست پێ بکەن، بۆ نموونە:
ـ تکایە تێ بگەن، ئەوە زۆر گرنگە.
ئەم هێمایانە بۆ سەرەتای دیالۆگەکان هەڵەن: [+ : > = ⁕]
٧ ـ ئەگەر لە کاتی دیالۆگ نووسێ دا گوتم، گوتت، گوتی (وتم، وتت، وتی/ ئێژم، ئێژی، ئێژێ) ـیت نووسێ پێویست ناکات تەقەڵی بۆ دیاری بکەی. تەنیا بە گیوومەی سەرەتا و کۆتایی قەوارەی دیالۆگەکانتان دیاری بکەن. بۆ نموونە:
لەکاتی دیاریکردنی یاساکان پێم گوتن: "دیالۆگ ئاوا دەنووسرێ!"

ئاوا هەڵەیە:
گوتم:
ـ جوان سەرنج بدەن! (واتە هەم دوو نووقتەی سەریەک و، هەم بۆڕ، پێکەوە هەڵەیە)
ئاوا درووستە:
گوتم: "جوان سرنج بدەن!"
هەروەها تەقەڵەکانیش لە سەرەتای دیالۆگەکان جیابکەنەوە.
-ئاوا نا!
- ئاوا!
-- ئاواش هەڵەیە، دوو تەقەڵ (ـ ـ) بۆ سەرەتای دیالۆک درووست نییە. دەبێ یەک تەقەڵ بێ (ـ).
٨ ـ لەزمانی کوردیدا دوو بزوێن بەدوای یەکدا هەڵەیە. بۆ نموونە ئەم وشانە هەڵەن: کۆیڕا، کۆوا، کۆێ، کۆیم... ئاوا درووستن: [کویڕا، کوا، کوێ، کویم...]

٩ ـ ئاهـ یش ئاوا دەنووسرێ: ئاهـ نەک ئاوا: اه [ لە زمانی کوردیدا "ئا" ئاوا نانووسرێ: "ا". ئەوەش "ە" ئەیە، نەک هێ. هێ ئاوا دەنووسرێ "ھ"]

١٠ ـ ئەم (;) نوقتە کۆمایە (خاڵبوڕە) بۆ تەختەکلیلی ئینگلیسییە، نەک کوردی، زۆرکەس ڕەچاوی ناکات، لەکاتێکدا ئەم خاڵبەندییانە زۆر گرنگن و دەبێ زۆر گرنگیان پێ بدەن.
ـ ئەم بۆڕ و خاڵبۆڕانە هەڵەن:   ;   ,
ـ ئەمانە درووستن: ؛ ،

١١ ـ تکایە هێمای سەرسووڕمان و پرسیار و نوقتەکانیش (خاڵەکانیش) بە سەرەتای ڕستە نوێیەکانتانەوە مەنووسێنن. بۆ نموونە:
ـ من ڕۆیشم.تۆ هاتی (ئەوە هەڵەیە)
ـ من ڕۆیشتم. تۆ هاتی (ئەوە درووستە)
ـ من بڕۆم؟!تۆ لێرەبی؟! (ئەوەش هەڵەیە)
ـ من بڕۆم؟! تۆ لێرەب؟! (ئەمە درووستە)

١٢ ـ ئەم خاڵانە و کۆمەڵێک خاڵی دیکە، کە ئەگەر تەنیا سەعاتێک کاتیان بۆ تەرخان بکەن و لە ئینترنێتدا سێرج بکەن، زۆر هەڵەی نووسین و ڕێزمان و ڕێنووستان چارەسەر دەبێ.

تێبینی: ئەو کەسەی ئەم تایبەتمەندییە گشتییانە ڕەچاو نەکات، لە چیرۆکەڵەدا چیرۆکی بۆ بڵاو ناکرێتەوە. ئەو خاڵانەش وا باس کران "سەلیقەیی و مەندەراوردی" نین بەڵکوو یاسای گشتین و وەک چۆن بۆ لێخوڕی ماشێن دەبێ یاساکانی لێخوڕین بزانین و ڕەچاویان بکەین، بۆ نووسینیش دەبێ ئەو یاسایانە بناسین و، بۆ ئاسان خوێندنەوەی دەق (لێخوڕینی دەق) لەلایەن خوێنەرەوە دەبێ ڕەچاویان بکەین. بەوهیوایەی نووسەرانی کوردیش وەک وڵاتان گرنگیی زیاتر بە ڕواڵەت و پرستیژی کارەکانی خۆیان بدەن!

# تیۆری

**«مانیفێستی جووڵانەوەی ئەدەبیی دارکولییسم»**

**Darkoliisme ( مەکتەبی ئەدەبیی دارکولییسم)**

**ن: محەممەد ڕەزا نەزەری دارکولی**

**Mohammad Reza Nazari Darkoli**

**و: سەلاح نیساری**

**هەمیشە ئاواتی من ئەوەبووە دنیا دوور بێ لە شەڕ و زۆرداری. هەموو بە کۆمەڵ بژین و هۆگری دووره پەرێزی نەبین. هەر بەو هومێدەش ڕۆمانی مەرگی دراوسێم نووسی و بناخەی ئەدەبی دارکولییسمیم داڕشت لێرەدا بە دڵ دەخوازم نووسەرانی دنیا بە گشتی تێکەڵ بەم جووڵانەوەیە ببن و قەڵەمی خۆیان لەو بوارەدا وەگەڕ بخەن. لەو پەیمان نامەیەدا هاوبەش بن و ئەو ڕێچکەیە بگرنەبەر. چونکە ئەدەبیات پێویستی بە پەیمان نامەیەکی ئاوا هەیە.**

محەمەدڕەزا نەزەری دارکولی

ئێران، تاران، بەهاری 1394 هەتاوی بەرامبەر بە 2015 زایینی.

**دەستوور:**

پەیمان نامەی جووڵانەوەی ئەدەبی دارکولییسم بریتییە لەو دە بڕگەیەی خوارەوە.

**1- داواکاری بۆ یەکریزی و پەرەپێدانی دۆستایەتی لە نێو خەڵک و حاوانەوەی مرۆڤ لەگەڵ ئاژەڵ و سروشتدا.**

**2- دنیا بە ماڵی خۆمان بزانین.**

**3- دژ بە رەگەز پەرستی و دەمارگرژی ئایینی.**

**4- پاڵ بە ویژدانەوەدان.**

**5- ئازادی بیر و ڕا دەربڕین.**

**6- ئازادی لە بەکار هێنانی مێتۆد و شێوازەکانی نووسین.**

**7- رەخنە گرتنی بوێرانە.**

**8- لەخۆ بوردوویی.**

**9- ڕووڕاستی.**

**10- یەکسانی مرۆڤەکان.**



**١. داواکاری بۆ بە هێزکردن و پەرەپێدانی دۆستایەتی لە نێوان مرۆڤدا، خۆشەویستی مرۆڤ و گیانداران و سروشت.**

جووڵانەوەی ئەدەبی دارکولی بەهێز کردن و پەرەپێدانی ئاشتی جیهان بە گرنگترین ئامانجی خۆی دەزانێ. جووڵانەوەی ئەدەبی دارکولی بارو دۆخی هەنووکەیی جیهان ئاڵۆز و مەترسیدار هەڵدەسەنگێنێ. بۆ هەموو کەس ئاشکرایە گەورەترین قەیرانی مرۆیی ئەمڕۆ دووره پەرێزیە. دووره پەرێزی بە هۆی دابڕان لە دڵۆڤانی و خۆشەویستییەوە دێتە ئاراوە. جیهانی ئەمڕۆ، بێ حورمەتی و لە دژیەک ڕاچوون. خۆخۆری و عەشیرەتگەرایی. نایاسی و تاک ڕەوی. شەڕ وەختێ بێ مانا دەبێ ئەگەر کەسێک کەسێکی دیکە بریندار بکات یان بە هۆی شەڕ لە نێوان دووکەس و تاقمێکدا خوێن ڕشتن بێتە ئاراوە. تەنانەت خۆپەرستیش بەشێکە لە بەشەڕ هاتن لەگەڵ ئەموئەودا. لە ڕاستیدا تەواوی شەڕەگەورەکان لە خۆپەرستییەوە سەر چاوە دەگرن. جووڵانەوەی ئەدەبی دارکولی جیهانێکی دوور لە شەڕ و خوێن ڕێژی دەوێ. واتە دنیایەک کە خۆ پەرستی تێدا نەبێ. خۆ دوور نەخستنەوە و یەکتر کوژی تێدا نەبێ. لە هەمبەر ئەوانەدا دنیا پڕبێ لە خۆشەویستی و یەکتر خۆش ویستن و دەستی برایەتی بۆ یەکدی درێژ کردن. نووسەرانی ئەدەبی دارکولی بۆ پەرەپێدانی ئاشتەوایی لە دنیادا دەنووسن. بێزارن، ئاژاوە و شەڕ و کوشتن، مەحکووم دەکەن و بە نووسینەکانی خۆیان هەوڵ دەدەن لە سەر هزر و ئاکاری خەڵکی جیهان کاردانەوەیان هەبێ؛ تا ئەو جێیەی خۆشەویستی و ئاشتی جیهان پەرەبستێنێ. جووڵانەوەی ئەدەبی دارکولی، بە گشتی خەسار گەیاندن بە مرۆڤ، سروشت و باقی گیاندارانی کێوی، دوور لە پاک ڕەوشتی و پێچەوانەی ویستی ئەو دەژمێرێ. هەر بەم هۆیەوە نووسەرانی ئەو جووڵانەوەیە لە نووسراوەی خۆیاندا، خۆشەویستی مرۆڤ لەگەڵ گیانداران و سروشت پەرە پێدەدەن و بانگەوازی ئاشتەوایی بۆ دەکەن.

**٢. دنیا بەماڵی خۆمان بزانین:**

نوسەرانی جووڵانەوەی ئەدەبی دارکولی لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانەبن خۆیان بە بەشێک لە جۆغراڤیای تایبەت بەم جیهانە نابەستنەوەو سەر لەبەری ئەم دنیایە بە ماڵ و زێدی خۆیان دەزانن. چوارقوڕنەی ئەم دنیایە بە یەک چاو تەماشادەکەن و لەدڵەوە خۆشیان دەوێ. لە نووسراوەی خۆیاندا سەبارەت بە هەر لایەکی ئەم جیهانە گەر بەپێویستی بزانن وەدەنگ دەێن. زمانی خۆیان بە بەرپرس دەزانن هاوار و بانگەوازی خەڵکی جیهان بڵاو بکەنەوە.

**٣- دژ بە رەگەز پەرستی و دەمار گرژی ئایینی:**

جووڵانەوەی ئەدەبی دارکولی، بە گشتی بیری رەگەز پەرستی و دەمارگرژی مەترسیداری ئایینی بە ناپەسند دەزانێ و لە نرخ و بایەخی مرۆڤایەتی کەم دەکاتەوە. جووڵانەوەی ئەدەبی دارکولی، تەواوی خەڵکی دنیا، بە هەموو ڕەنگێکەوە، رەگەز، بارودۆخ و ئایینی جیاواز، لەگەڵ یەکدی یەکسان و بە چاوێک سەیریان دەکات و رێز بۆ هەموویان دادەنێ. نووسەرانی ئەم جووڵانەوەیە لە بەرهەمی خۆیاندا رەگەز پەرستی رەت دەکەنەوە و بە دوور لە ئاکاری ئینسانی دەژمێرن. جووڵانەوەی ئەدبی دارکولی، هەوڵ ئەدا هەمووڵایەک وریا بکاتەوە هەر چەشنە دەمارگرژی ئایینی کە دەبێتە هۆی پێک هەڵپڕژان لە نێوان دوو دەستەدا، یان دووری کردن دەستەیەکی زۆریش بچووک لە خەڵکی جیهان، دوور لە پاک رەوشتی و بە نامرۆڤانەی دەزانێ.

**٤- دانەبڕان لە ویژدان:**

جووڵانەوەی ئەدەبی دارکولی باوەڕی وایە، ویژدان، تەنیا دەسەڵاتێکە پێویستی بە دادوەر نییە. هەر بۆیە بە تەرازووی ویژدان ئاکاری شیاوو نەشیاو هەڵدەسەنگێنێ. نووسەرانی دارکولییستی نابێ بە هیچ شێوەیەک بە پێوەری ئەموئەو وەختێ لە نێوان زۆربەی خەڵکدا لێک ترازان دەهێنێتە ئاراوە، بۆوێنە شێوازەکان، ئایین، فەلسەفە و نەریتی تایبەت بە هۆزەکان، لێکۆڵینەوە لەسەر کێشە ئاڵۆزەکانی خەڵک بکەن و بە کەڵک وەرگرتن لەوان بیر و باوەڕی خۆیان بچەسپێنن. ئێمە بڕوامان وایە، ویژدان دەتوانێ باشترین زەڕەبین بێ بۆ جیاکردنەوەی باش لە خراپەکان.

**٥ ـ ئازادی بیروڕا دەربڕین:**

نووسەرانی دارکولییستی، ئازادی قەڵەم بە مافی خۆیان دەزانن و بە هاسانی و بەبێ جیاوازی سەبارەت بە کەسەکان، حکوومەت، ئایین، بیروڕا، هۆگری و داب و نەریتی مەزنی خەڵکی جیهان دەنووسن.

جووڵانەوەی ئەبی دارکولی لە بواری دەربڕینی راستییەکان لە هیچ لەمپەر و بەرهەڵستێکی دژ ناپرینگێتەوە و نووسەرانی دارکولییستی بە ئاشکرا نووسراوی خۆیان لەسەر پاکەتی پۆستە و ناوی کەسایەتی بەناوبانگی جیهان لە کتێبەکانیاندا دەهێنن.

جووڵانەوەی ئەدەبی دارکولی لە دەربڕینی هەموو بابەتێک بەو مەرجەی تایبەت بێ بە پەرەسەندنی ئاشتی جیهانی و وەرگرتنەوەی مافی ژێرپێ خراوی خەڵکی زووڵم لێکراوی جیهان لە دەستەی زاڵم و زۆرداران، یارمەتی دەدات و خۆنابوێرێ و دەستی ئاوالآیە.

**٦ـ ئازادی لە بەکار هێنانی مێتۆد و شێوازەکانی نووسین:**

جووڵانەوەی ئەدەبی دارکولی بە ئامانجی پەرەسەندنی یەکترویستی، دڵۆڤانی، لەخۆبوردوویی، یەکسان خوازی، دنیا بە ماڵی خۆزانین، ئازادی بیر و ڕادەربڕین و ڕووڕاستی، لە نێو خەڵکی جیهاندا هاتۆتە ئاراوە، ئەو جووڵانەوەیە بۆ شوێن دۆزی و بۆ تێڕامانی دنیا بینی نووسەران لە دەسنیشان کردنی پەیام و ناوەرۆک هزری ئەوان کار دەکا. هەر بۆیە نووسەرانی جووڵانەوەی ئەدەبی دارکولی لە بەکارهێنانی مێتۆد و شێوازی نووسینی رابردوو، ئێستا و داهاتوودا ئازادن. بۆوێنە، ئەو نووسەرانەی بە شێوەی شەپۆلانی زەین یان سوورئال و هەر جۆرێکی ئەدەبی دیکە دەنووسن، دەتوانن بە قبوڵ کردنی پەیمان نامەی جووڵانەوەی ئەدەبی دارکولی، ڕێچکەی نووسینی خۆیان بخەنە خزمەتی ئەو پەیمان نامەیەوە. جووڵانەوەی ئەدەبی دارکولی لە سەر لەبەری شێواز و رێ و شوێنی نووسینی رابردوو ئێستا و داهاتوو کەڵک وەردەگرن و پەیمان نامەی ئەو جووڵانەوەیە تەنیا تایبەتە بە بابەت و پەیامی کتێبەکان.

**٧- رەخنە گرتنی بوێرانە:**

نووسەرانی دارکولییستی لە بەرامبەر رەخنەدا دڵ فراوانن، یەکێ لە ڕێبازەکانی تایبەتی جووڵانەوی ئەدەبی دارکولی لە رەخنەی کرداری ناڕەوای مرۆڤ، ئەوەیە کەوا راستە و خۆ ناوی کەسەکان لە کتێبەکاندا دەنووسێ و بە وریاییەوە، لە کاتی رەخنە گرتن لەوان، جنێویان پێدەدا. نووسەرانی ئەدەبی دارکولی لە وەختی رەخنە گرتن لە نابار، ئازادن جنێویان پێبدەن. ئێمە بۆ پشتیوانی لە راستە قینە، یەکسانی و مافی مرۆڤ، زمانی زبر دەخەینەکار. چونکە دەمانەوێ دیکتاتۆران و جینایەتکارانی گەورە، بە هۆی ئەوەی خاوەنی هێز و دەسەڵات و بانگەشەن، روخسار و دەمامکی بێ ئازاری لە خۆیان نیشان دەدەن و ئەو خەڵکەی کوێرانە هەڵدەفریوێن، ئەو خەڵکەی کوێرانە فریویان خواردووە بە سانایی نووسینی کتێبێک دەخەینە بەر تیغی رەخنە و ترۆیان دەکەین. نووسەرانی ئەدەبی دارکولی لەسەر ئەو باوەڕەن ئەدەبیات دەبێ بەبێ ترس قسە بکات. لە رۆمانی مەرگی دراوسێدا کە دەسپێکی جووڵانەوەی ئەدەبی دارکولییە، دەتوانی بڕگەکانی پەیمان نامەی جووڵانەوەی ئەدەبی

داركولی بە بەرێوەبراوی ببینی. لەو رۆمانەدا «هێری ترۆمێن» سەرۆک کۆماری ئەوسای ئەمریکا، وەختێ ئەو وڵاتە هێرشی ئەتۆمی کردە سەر ژاپۆن، رەخنەی لێگیرا. لە بەشێکی رۆمانەکەدا دەبینی: ...«سیاسەت چەندە پیسە! سەرۆک کۆماری میللەتێک لە کاتێکا نیوەی هۆشی لەلای ماڵییە و بچێتەوە سمت و ساتی ژنەکەی لە باوەش بگرێ فەرمانی شەرێک دەردەکا. هەر بە بای خەیاڵیدا نایات چەندە خەڵکی بێ تاوان دەکوژرێن. دوای دەرچوونی ئەو ئەمرە فەرماندەرانی شەڕ بەبێ راوەستان فەرمان جێ بەجێ دەکەن. بەبێ ئەوەی بیر لە ئاکامی ئەو شەڕە بکەنەوە. یان ئەگەر ئاگاداریشیان هەبێ بەبێ گوێدان، ئەو دەستوورە بەرێوەدەبەن.»

(رۆمانی مەرگی دراوسێ، محەمەد رەزا نەزەری داركولی. نشر کتاب لس ئانجلس 2014)

### ٨- لەخۆ بوردوویی:

جووڵانەوەی ئەدەبی داركولی باوەڕی وایە رازی پەرەپێدان و بەردەوامی دۆستایەتی سەر چاوەی لە دڵ فراوانی و لە خۆبوردوویی رایە. چونکە کەلتوورەکان، باوەڕ، بەرچاوو رووبەری بیر و هێزری خەڵک جیاوازن. لێرەوە گرنگە بۆ پێوەندی سەقام گیری دۆستایەتی فێری لە خۆبوردوویی بین. نووسەرانی جووڵانەوەی ئەدەبی داركولی لە خۆبۆردوویی بە هەند دەگرن و دەزانن لە نووسراوە و بەرهەمی خۆیاندا بە گرنگی بینوێنن.

### ٩- رووڕاستی:

زەرەدشت، پەیام هێنەری ئێرانیان فەرموویەتی: «رێگا لە جیهاندا یەکێکە و ئەو رێگایەش راستییە.» جووڵانەوەی ئەدەبی داركولی هۆکاری شەڕەکان، جینایەت، ملهوڕی و نایەکسانی لە دنیادا بە پشتکردن لە راستی دەزانێ. بەو مەرجەی خەڵک بە رووڕاستی یەکدی بدوێنن، بەبێ هیچ گرفتێک کۆمەڵگا بەرەو حەساوەیی دەچێت. مەخابن خەڵکی ئەم جیهانە لە راستی دوور کەوتوونەتەوە. جووڵانەوەی ئەدەبی داركولی تەنیا رێگای حەسانەوەی دنیا لە راستیدا دەبینێ و سەر لەبەری رێگاکان دوور لە راستی بە هەڵە و چەواشە دەزانێ. جابۆیە نووسەرانی ئەو جووڵانەوەیە لە نووسراوی خۆیاندا راستییە بەر پێوارەکان بەوپەڕی ئازایەتییەوە دەردەبڕن و بانگەواز بۆ گرنگی ئەو پەڕی راستی دەکەن. شیاوی باسە، لەو پەیمان نامەیەدا، مەبەست لە راستی گرنگ، رئالیسم نووسین نییە! بەڵکوو نووسەران دەتوانن لە چوار چێوەی چیرۆکی سوورئالیستی، سەمبولیستی و یان رئالیسمی جادوویش بە راستی بنووسن و بانگەواز بکەن.

### ١٠- یەکسانی مرۆڤەکان:

جووڵانەوەی ئەدەبی دارکولی مرۆڤەکان بە گشتی لە بواری مافی ژیاندا لەگەڵ یەکدی بە یەکسانی دەبینێ. جووڵانەوەی ئەدەبی دارکولی لە حەژمەت بارودۆخی نالەباری خەڵکی هەژاری جیهان وەزاڵە هاتووە. بۆ دەبێ لە وڵاتانێک خۆش بژیوی زۆر و زەوەندبێ، لە حاڵێکا لە رۆژدا هەزاران نفووس لە خەڵکی دنیا لەبرسان دەمرن؟ جووڵانەوەی ئەدەبی دارکولی راپەڕیوە و دەیەوێ پشتیوانی لە خەڵکی هەژار و بێ بەشەکان بکات. دەبێ دنیا بەرەو هاوسەنگی بچێت! نووسەرانی دارکولییستی بۆ پشتیوانی لە مافی یەکسانی و ئینسانی، خەڵکی بێ بەشی جیهان چیرۆک و رۆمان دەنووسێ و ژیانی دڵ تەزێنی ئەوان دەخاتە روو. تاکوو جیهان خۆران سەری شەرمەزاری بەربدەنەوە و وەبیریان بێتەوە سەر لەبەری خەڵکی جیهان لەگەڵ یەکدی یەکسانن و پاژی بنەماڵەیەکن. ئەو کەسانەی نازانن دەبێ فێریان بکەین. تەواوی ئەو خەڵکە حەقیان بەسەر یەکترەوە هەیە.

جووڵانەوەی ئەدەبی دارکولی دەیهەوێ شێعرە بە ناوبانگەکەی سەعدی شیرازی شاعیری ناوداری ئێرانی بە گوێی جیهانیان بگەیەنێ. سەعدی دەڵێ:

«تۆرەمەی ئادەمی لەیەک لەش و لارن

لە گەوهەرێکن کری کردگارن

ئەگەر بەشێکی ئازار ببینێ

بۆ هیچ بەشێکی ئارام نامێنێ

وەختێ بە خەمی کەسێک نەزانی

زۆر حەیفە ئەگەر بڵێن ئینسانی»

**وەبیر هێنانەوە:**

پەیمان نامەی جووڵانەوەی ئەدەبی دارکولی لەو دە خاڵەی سەرەوەدا، رۆمانی مەرگی دراوسێ، بۆ بەفەرمی کردنی ئەو پەیماننامەیە، بۆ نووسەران و رەخنەگرانی ئەدەبیم نووسیوە و دە بڕگەی پەیمان نامەکە لەودا لەبەر چاو گیراوە و لە راستیدا ئەو رۆمانە سەرەتایەکە بۆ جووڵانەوەی ئەدەبی دارکولی.

ئەو رۆمانە لە لایەن بڵاڤۆکی شەریکەی کتێبی لۆس ئانجلس چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

بە هومێدی ئاسوودەیی و ئاشتی و سەقامگیری بۆ خەڵکی جیهان.



# بەتامی چیرۆک

## گوڵەجۆ:

دەیکوت ئاغایەکی فەیزوڵڵابەگی نۆکەرێکی بوو زۆر پێی غاین بوو، لە هەلێک دەگەڕا ئاغا بکووژێ. ڕۆژێک لە ڕاوێ دەرفەتی لێ هێنا و لە پشتەوەڕا فیشەکێکی دەپاڵ کرد. نەیئەنگاوت و ئەسپی ئاغا سڵەمیەوە. ئاغا لە ترسی گوللە خۆی بە ڕەخت و زینەوە مەلاس کرد و سەربەرەخوار تێی تەقاند. نۆکەرە لێیدامەزراوە و سێ چوار فیشەکی دیکەی ئاوقای دۆڵێ کرد. ئاغا تا دەهات زیاتر ترسی ڕێ دەنیشت و توندتری دەئاژۆت. هەتا گەیشتەوە دیوەخان سەد گیانی لێ دەرچوو.

بۆ بەیانی نۆکەرەیان قۆڵبەست کرد و هێنرایە پای محاکەمە و ئاغا هەر نەدیدە حوکمی کوژرانی بۆ بڕیبۆوە. بابنۆکەر و گزیر و کوێخا کابرایان ڕاکێش ڕاکێش دەبرد بیکووژن. ئاغا کوتی: جارێ بۆم بێنن بزانم من چ هەرزنێکی تاڵم پێداوە وا نان دەخوا و ناندێن دەدڕێنێ ئەو کەربابە؟ هێنایان و عالەم دەوریان دابوون. کوێخا لە بەردمی ئاغا بە سەریدا نەڕڕاند: بیگێڕەوە با ئەو خەڵکەش بزانن چ بێسفەتێکی هەی دوابڕاو. نۆکەرە کوتی: من بەتەمای کوشتن نەبووم، هەر ویستم ئاغا تاقی کەمەوە!

ئاغا قوت بوو و کوێخا کوتی: وست بە گولە، تۆ ئاغا تاقی دەکەیەوە؟!

نۆکەرە کوتی: قەت پێموا نەبوو ئەغا هێندە ڕەشید بێ، ئەگە فیشەکی هەوەڵیم تەقاند لە بن سمی ئەسپەکەیم دا، سڵەمیەوە، بەڵام ئاغا لغاوی توند کرد و نەیهێشت ببزوێ! لە ڕاست و چەپی ڕوانی و بن تاشەبەردانی دا بەر نەزەر.

ئاغا بەجارێ قوت بوو!

گوڵلەی دووهەمم بە بن گوێیدا ویزەی کرد، ئاغا بێ ئەوەی بخەجڵێ نەڕڕاندی: لە کوێ خۆت شاردۆتەوە قورمساغ بۆم دەرکەوە!

ئاغا هاتە سەرچۆک! کوێخا لە نۆکەرەی وەژاند: هەستە وەپێشم کەوە. ئاغا کوتی: ڕاوەست لێی گەڕێ! دەی...

عالەم ئەوە گوێی ڕاداشتووە و نۆکەرە کوتی: فیشەکی سێهەمم لەپاڵ کرد، ئاغا هەوساری وەرسووڕاند و بۆم گەڕاوە!

ئاغا دموچاوی پڕ بوو لە بزە و بوێری! و کوتی: دەی...

کوێخا کوتی: هەستە فڵتەفڵت!

ئاغا کوتی: لێی گەڕێ، دەی...

نۆکەرە کوتی: بۆم گەڕاوە و چوارناڵ و ڕکێفکوت بەرەو ڕووم هات؛ ڕوحم هاتە سەر کونە لووتم و کوتم تازە زایە بووم بەدەستێوە، هەموو گیانم وەک شەقشەقە دەلەرزی.

کوێخا کوتی: هەستە هەی حیزە.

ئاغا هەموو گیانی گوێ بوو، کوتی: لێی گەڕێ گەڕ! دەی...

نۆکەرە کوتی: ئاغا قیت و قۆز ئەسپی تاو دەدا و دەهات، خەریک بوو میز بەخۆم داکەم، وا دەهات دەتکوت ڕۆستەمی زاڵە!

کوێخا کوتی هەستە هەست!

ئاغا هەر دەرپەڕی و لە فڵچی کوێخای ڕاکێشا و نەڕڕاندی: دە لێی‌گەڕێ، ئەخە دە لێی گەڕێ هەی کەران‌باب‌گاو!

ئەو بەزمە درێژەی بوو هەتا نۆکەرە بەخشرا حیچ، بوو بە خۆشەویستی دیوەخانیش!



**هێمن دیبا:**

کاک شوانە گێڕایەوە؛ لە ئاواییی ....، سەر بە شاری بۆکان، کچێکی زۆر جوانی لێ دەبێ.

کچە دوای ماوەیەک خوازبێنی بۆ دێ و شوو دەکا.

جا دەڵێن زاوا ئەوەندە ناحەز دەبێ هەر دەبێ بچی بۆ سەیرانی!

لەکاتی گوێستنەوە، کوڕەکانی خزمی بووکەخان، شاباش لەدوای شاباش دەدەن و بە کابرای لۆتی دەڵێن: گۆرانیی "دایە مەمدە بە گورگە، گورگە ددانی تیژە"مان بۆ بڵێ!

**ڕێبوار/بۆکان**

**دیاریی "سەرۆکعێل"**

وەستا شەوکەتی کاشیکار دەیکوت: هەرچی فکری لێ دەکەمەوە هەر ئیستالین لە نەنکم چاکتر بوو! نەنکم بە خۆی و تاقە تەشییەکەوە لە ماڵێدا، حکومەتێکی سازکردبوو، کەس نەیدەوێرا بڵێ لەل!

ئێمە ئەودەم منداڵ بووین؛ جا نەنکم هەرچی لە خۆم و خوشک و برا و ئامۆزاکانم و تەنانەت لە بووکەکانیشی توڕە بوایە کەم وا هەبوو لە ترسان لەخۆ نەمیزین! باسی ئەوەش ناکەم تا سێ گەڕەک لەملا و لای ماڵی خۆمانەوە، بە گەورە و بچووکەوە لە نەنکم تۆقیبوون!

نەنکم کچێکی هەبوو دابووی بە کابرایەکی نابوودەڵەی گرگنی گێژۆکە، کابرا خەڵکی بانە بوو. جا لەبەر ئەوەی لە لای دایکم و بووکەکانی دیکەی پڕستیژی کچەکەی بباتە سەرێ و بە جۆرێک حورمەتێکی درۆیینەی بۆ ساز بکا؛ بە زاواکەی دەکوت "سەرۆکعێل"!

ساڵێکیان سەرەتای مانگی جۆزەردان بوو، هەوا تەواو گەرمی کردبوو، لە ڕۆژێکی هاویندا لە خەڵکێکی زۆرمان گێڕابۆوە، دەمانویست دوای ژەمی فراوێن لە بۆکانەوە بچین بۆ مهاباد و لەوێ ژن لە برایەکم مارە بکەین؛ میوان هەموو هاتبوون، کاژێر لە یەکی نیوەڕۆ لایدابوو، ئەوانەی بەباشی نەنکمیان نەدەناسی هاواریان دەکرد: دەی خێراکەن ئەو کەوڵەی ڕاخەن، قڕمان هات لە برسان، تا دەچینە مهاباد و دێینەوە دەبێتە شەو!

نەنکیشم دەیکوت: بە خودا هەتا سەرۆک عێل نەگاتێ هەر کەس سفرە ڕاخا سەگی پێوە دەنێم!

کاژێر پاڵی بە دووی دوانیوەڕۆوە دابوو، لە حەوشەوە هاوار بڵیند بوو: میزگێنی! "سەرۆکعێل هات سەرۆکعێل هات!جەماعەتیش لە ژووریٚ لە ترسی نەنکم نەیاندەوێرا هیچ بڵێن، هەر ورتە ورتیان بوو، پێم وابیٚ لەبەر خۆیانەوە جنێویان دەدا!

بەڵیٚ سەرۆکعێل وەژوور کەوت و جەماعەتیش تێکرِا قرچەپیٚ لە بەری هەستان، ئەگەر چاومان لیٚ کرد ئەوە سەرۆکعێل بەو گەرمای بەهارە هەردوو لاقی لە گۆرەوی هەڵکێشاوە و پەیتا پەیتا دەڵیٚ: حەمام کوا حەمام کوا؟!

کوتیان: کاکە بوا دەرەنگ هاتووی و حەمامت بۆ چییە، چیت بەسەر هاتووە؟!

کوتی: کوڕە یەک سەعاتە لە مزگەوت و لە ئاودەست دەگەڕێم بۆم پەیدا نەبووە، هیچ گیانی خۆشم نەهێشتووە!

کابرایەک لەولاوە هەڵی دایە و کوتی: کوڕە خۆ لە برسان ئێمەت قڕ کرد هەک یاخودا ڕاستەوە نەبی بۆ خۆت و بۆ دیاریی بۆت هێناوین سەرۆکعێل!

گرگن: زگـزل

پڕستیژ: کەسایەتی

کەوڵ: سفرە

ژەمی فراوێن: ژەمی نیوەڕۆ، "ناهار"

کاژێر: سەعات



**سەرۆک:**

ساڵانی زوو کە مەڕ لە دێهاتەکان زۆر بوو، ساڵانە ڕۆژێکیان تەرخان دەکرد بۆ شوشتنی مەڕ. لای دێهاتی ئێمەش کە چۆم لە هاویندا ئاوی نەدەما، زیاتر دەچوون بۆ سەر چۆمی خوڵامالی. جا ئەوانەی کە دەچوون بۆ مەڕ شوشتن، زۆربەیان مەلەیان نەدەزانی.

ئەوانەی وا مەڵەیان دەزانی لە کۆتاییی مەر شتنەکەدا، بۆ گاڵتە و جەفەنگ پیلی پیاوە پیرەکانیان دەگرتن و ڕایاندەکێشانە نێو ئاوەکە.

وەبیرمە ئەو ساڵە باوکم لەگەڵمان بوو، باوکم ئاو گەیشبتایەتە قولاپەی دەخنکا.

کاک ئەبووبەکر باوکمی گرت و هێنایە نێو ئاوەکە، ئاو گەیشتبووە نزیک دەم و لووتی، ئەوندە ترسابوو نەشیدەزانی چۆن بپاڕێتەوە تا ڕزگار بێ؛ هاواری دەکرد کوڕە عەبوو بیکە بەخاتری خودا با پێچوکڵاوەکەم تەڕ نەبێ!

* خوڵامالی (غلامعەلی ) ناوی دێیەکە کە چۆماوێک لەبەر نێودێوە دەڕوا و تا ساڵانی پێشوو تا هاوینێکی درەنگ ئاوی هەر پێوە بوو.

* قولاپە: چوار قامک لە سەروی پێڵاو

• **سەرچاوەی ستوونی "بەتامی چیرۆک:** "کاناڵی تێلێگرامی "با قسەی خۆش ون نەبێ"

